بەم جۆرە عەشیرەتی بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن و یەزیدی هەستی خۆیان بەرامبەر زگیان پڕ بکەن لە زێر ، بەڵام بە ئیبراهیم پاشا دەربڕیوە . سولتان ئیبراهیم پاشا خۆشی نەك وەك دکتۆر ئەحمەد دەڵێت ئەویست و ئاگاداری کرد کە کە یەزیدیەکان بەرهەڵستی یان « جمعیة الاتحاد والترقی » کردوە . مەبەست و نیازی خراپیان هەیە

کە لەم گفت و گۆیانە وە بەم هەوڵدانە ئیبراهیم بووینەوە دێنەوە سەر پاشا لە مەترس ئەم تاڵان کردنە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی رزگار بوو . لەهەمان ئیبراهیم پاشاو هۆی سەرچاوەدا لاپەڕە (٥١) دەڵێ شەڕەکەی . وە لە دواییدا بالیوزی ئینگلترەو فەرەنسا لە پارچە فۆلکلۆرەکە (لاوکی ئەستانە بەوەیان زانی کە براهیم پاشا) کە بە ناوی « جمعیة الاتحاد والترقی » « نەواخی براهیم پاشای » دەیەوێت پاشا داوا بکات و لەناو کوردی یەزیدیدا ناسراوە بیگوژێ . ئەمانە هەستان و تۆمار دەکەین . تەلێگرافێکیان بۆ قونصلەکانیان

دکتۆر ئەحمەد عوسمان لە لە شام ناردوداوایان کرد کە کتێبێ (أکراد الملی و ابراهیم پاشا ئاگاداری ئەم نەخشەیە پاشا) لاپەڕە - ٤٩ - دەڵێت بکەن .. بەم جۆرە پاشا کاتی کە « جمعیة الاتحاد ئاگاداری ئەم فێلە بوو کە والترقی » لە تورکیا هاتەوە (جمعیة الاتحاد والترقی) بۆی سەر حوکم ئەیان ویست دەست دانابوو .

بخەنەسەر خەزینەی خوالێ خۆش بوو ئیبراهیم پاشاو

- ماوێتی -

institut kurde de paris

تراژیدیا

هونەر بەلای ئەرستۆوە لاسایی کردنەوەی سروشتە ئەرستۆش یەکەم کەس بوو تیۆری درامای لە کتێبەکەیدا « هونەری شیعر » دەست نیشان کرد بەتایبەتی دەربارەی (تراژید) زۆر ئەدوێ ، بۆیە بە پێویستی ئەزانم لەو سەر چاوە گرنگەوە دەست پێ بکەم وبەکورتی هەندێ لایەنی ئەم زاراوە شانوییە روون بکەمەوە .. ئەرستۆ ئەلێ :-

تراژید لاسایی کردنەوەی رووداوێکی خاوێن و تەواوە ، ئەم رووداوەی کە جێگایەکی تایبەتی و درێژییەکی دیاری کراوی هەیە ، هەموو ئەمانەش بەزمانێکی تەڕو پاراوو تایبەتی دەنووسرێ . ئەگەر هونەر بەلای ئەرستۆوە لاسایی کردنەوەی سروشت پێ ئەوا هونەری تراژیدی لاسایی کردنەوەی کرداری بەرزو خاوێنە ، چونکە تراژید لایەنی راستی ژیان چارەسەر ئەکات و دەربارەی هەست و سۆزەکانی مرۆڤ دەدوێ وەکیشەکانی مرۆڤ لەگەل خۆی و سروشت و یاساکاندا پیشان ئەدات ئەم پیشاندانەش بە کردەوەیە نەك بەگێڕانەوە . بەڵام بابگەڕێینەوە سەر وتەکەی ئەرستۆ کە ئەلێ : لاسایی کردنەوەی کردارێکی خاوێن و تەواو گرنگە . وە بابزانین مەبەست لە کردری تەواو چیە ؟ کرداری تەواو بریتیە لە سەرەتاو ناوەراست و کۆتایی ..

سەرەتا لێرەدا ئەو سەرەتایەیە کە نابێت سەرەتایەکی تری لە پێش دابێت ، کۆتایش ئەو کۆتایەیە کەهیچ رووداوێکی تری لە پاشدا نیە ئەمەیانێ سەرەتا سەرەتای دراماکە نیە بەڵکو ئەو خاڵەیە کە نوسەر ناچارە بیکات بەسەرەتای شانۆگەریەکە بە جۆرێك ئەگەر هات و خاڵێکی کەی هەلبژارد ئەو شانۆ گەرییە لەنگ و کەم و کورتی تیا ئەبێت . چونکە پێش ئەو سەرەتا یەش ڕوو داوی تر هەیە کە دەگێر درێتەوە بۆیە ئەتوانین بڵێین سەرەتایی شانۆگەر یەکە قۆناخێکە لەو قۆناخانەی کە رووداوە کە پیا ڕەت دەبێت . لە پاشان ئەرستۆ ئەلێ مەبەستی کارەسات (بەر پا کردنی ترس و سامناکیە لە دەرونی بینەردا) بۆ ئەوە لەم ترسە رزگاری بێت و خاوێن بێتەوە بەمەش ئەلێ تیۆری خاوین کردنەوە (نظریە التطهیر) .. زمانی تراژیدی ئەو سەردەمە زمانێکی بەرزو رازاوە بوو چونکە پاڵەوانەکانی شانۆگەریەکانی یۆنان هەموو شاو شازادەو نیمچە خوا بوون ئەسکیلوس و سۆنۆکلیس و یووپیدز جوانترین شانۆگەری ئەو سەردەمەیان نووسی سەرە بیری شانۆگەریەکانیان دەربارەی چارە نووس و قەزاو قەدەر بوو . بەڵام لەگەڵ پەیدابونی دارمای نوێ و پەیدا بوونی ژیانی پیشەسازی و چینی کرێکارو زەحمەتکێش تراژیدیا گۆرانێکی گەورەی بەسەرهات هەر لە ئیستەوە هەتا دوا تراژیدیای نەوەی ئەمرۆمان بۆیە پاڵەوانەکانی شانۆگەریە کانی چیکوف و گورکی و پیرانوللوو سترنوبرگ و ئۆنێل یا فەرمانبەرێکی ئاساییە یاخێزانێکی هەژارەو کیشەکانی شانۆگەریەکانی ئەمرۆش باسی قەزاو قەدەرناکات بەڵکو باسی برسێتی و رەش و رووتی ئەو خەلقە دەکات لە پێناوی بەدی هێنانی جیهانێکی فراوانترو والاتر بۆ پاڵەوانەکانی .

فاضل جاف
ئامادەیی کردوە

ئیبراهیم پاشای میللی

- خەلیل جندی -

براهیم پاشا بە گەورەترین و بلیمەتترین سەرۆکی عەشیرەتی مللی کورد دەژمێرێت ، گەلێك لە سەرچاوە بێگانەکان باسیان کردووەو ڕێزیان لێ ناوە . ئینجا سەربارەت بە پیاوێکی بەجەرگی وەهاو سەرۆکێکی هەڵکەو تووی وەکو براهیم پاشا کە لەسەرچاوەکانی بێگانەو عەرەبیدا باس کراوە کەچی کورد شتێکی وەهای لێ نازانێت .

پیایتەختی هیرنشین نەکەی براهیم پاشا لە شارێك بووە پێی دەووترا (وێران شار) لە کوردستانی تورکیا . لە سەردەمی سولتان عبدولحەمیدا وە هەر ئەم سولتانەش بوو کە نازناوی پاشای پێی دراوە .

مەبەستم لە نووسینی ئەم ووتارە چارەسەر کردنی دوو خاڵە لە کتێبی « دکتور ئەحمەد عوسمان » کە لە ژێر ناوی (اکراد طیلی و ابراهیم پاشا - ١٩٧٣) دەری کردووە . یەکێك لە لاپەڕە (٣١) ، وە ئەوی تریان لە لاپەڕە (٥٥) دا کە لە دواییدا باسی دەکەین .

کە من دڵێم چارەسەرکردنی دوو خاڵە وەنەبێت لە خۆمەوە ئەو قسەیە بکەم ، بەڵکو پشتم بەو فۆلکلۆرە بەستوە کە پێشینیان بۆمانیان بەجێ هێشتووە . چونکە ئەم پارچە فۆلکلۆرە وەك تێکستێکی باوەڕپێ کراوی نەنووسراو دائەنرێت .

وەلەمەو دواوە ، واتە پاش تۆمارکردنی ئەم بیرو باوەڕەو بیری پێشوو شتێك دەمێنێت ، ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بەدوای راستیدا دەگەڕێن ئەم دووانە بەرامبەر بکەن راستی یەکەیان بۆ روون دەبێتەوە . دکتۆر ئەحمەد عوسمان لە لاپەڕە (٣١) دا دەڵێت - لەسەر قسەی براهیم پاشا - کە یەزیدی بەشێکن لە عەشیرەتی مللی - بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بووترێت عەشیرەتی مللی بەشێکن لە تایێفەی یەزیدی . چونکە لەناو یەزیدیەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە عەشایرو تیرە هەیە ، یەکێك لەمانە عەشیرەتی مللی یە . وە عەشیرەتی مللی یەزیدی تا ئێستاش لەناو یەزیدیەکاندا بەعەشیرەتێکی مێرچاك و زمیرەك و بلیمەت دەژمێرێن . وە بە ناوی عەشیرەتی «دووملی» لە قەلەم دەدرێن .

هەلەی دووەم کە دکتۆری بەرێز تێی کەوتووە لە لاپەڕە (٥٥) دایە جانزانم چاوی لێ ۆشیوە یان چۆن قسەکەی بیستووە ، وای نووسیوەکە دەڵێت کاتێ براهیم پاشا هات بۆ شنگار عەشیرەتی یەزیدی بەری گرت و شەڕی لەگەڵ کرد .

یەکەم : دەبێت جیاوازی بخەینە نێوان واتای گشتی و تایبەتی و بزانین چۆن لە شوێنەکەی خۆی دا داینێین . چونکە کاتێ کە دکتۆر دەڵێت عەشیرەتی یەزیدی بەری براهیم پاشای گرت و شەڕی لەگەل کرد واتە گشت یەزیدیەکانی بەیەك عەشیرەت زانیوەو هەموویان دوژمنایەتی یان لەگەڵ کردوە ! بەڵام دەبێت ئێمە بزانین نەك یەزیدی یەك عەشیرەت نین ، بەڵکو وەیەکوو ووتمان گەلێك عەشیرەتن واتە دکتۆری بەریز ئەحمەد عوسمان واتاکەی بەگشتی وەرگرتووە .

کەوابو دەبوایە بووترایە « عەشیرەتێك لە یەزیدیەکان » بەری گرتوەو دوژمنایەتی لەگەڵدا کردوە .

ئەمە ئەگەر راست بێت کە عەشیرەتێك لە یەزیدیەکان شەڕی لەگەڵ براهیم پاشا کردووە . بەڵام ئەگەر سەیری ئەو فۆلکلۆرە رەنگینە بکەین کە لە ناوماندا هەیە شتێکی وای تیادا نی یەکە ساغی بکاتەوە یەزیدیەکان شەڕیان لەگەڵ ئیبراهیم پاشا کردووە ، بەڵکو سەرۆك و میرەکانی عەرەب داوایان لە (حسینی قەنجۆ) کردوە - کە بە سەرۆکێکی گەورەی ئەو سەردەمەی یەزیدی دەژمێرا - کە لەگەڵیان بێت و دژی ئیبراهیم پاشای کورد بوەستێت . بەڵام « حسینی قەنجۆ » قبوولی نەکردو ئەم کارەی بەشتێکی نارەواو دوور لە رەوشتی کوردایەتی دانا وەکو لەم پەندە لاوکەی خوارەوە بەدی دەکرێت :

هایی دنیایێ ، هایێ دنیایێ
ئەو فارس ئەلجەربا رابوو
مەکتوبەك شاندیا پێ حسینێ
قەنجۆ دبێژێ حسێن
ئەلئەفەندی لاتوهم دەبلا
خودێ تە نەوەهمینێ .

تێ مەرا رابی سەر براهیم پاشایێ .

منێ سوندەکە خواری ب
تەلاقێ بێ فتۆ ، هە کە
تێ مەرا رابی ئەزێ باجاری
وێران شارێ بکەمە کیفی
شەمرایێ .

خرا بکەم کوندایێ .
نایف بکەم چالان و عمبارایێ
ئەمێ عەرزو عەیالێ ملایێ
پاقێنە بەر لنگێد نجدیان و
مەعنەگیایێ ،

ئەمێ زگی ژنا بقەلێشین
ژی دەرینن زارۆکید بەرێ
دایایێ .

خودێ زابنێ ئەمێ کۆنی
براهیم ئەلکوردی بکەینا
جهورێد هەسپایێ .

ژێ هلینن حەیفا کالان و
بابایێ .

ئەزێ وێ رۆژێ تە دانێم
شوونا براهیم پاشا بکەمە
رەئسێ ملایێ .

بەڵام ئەم قسانەی سەرەوە هیچ کارێکی وایان لە « حسینی قەنجۆ » نەکردوەو خیانەتی لەگەڵ براهیم پاشا نەکردوە بەڵکو لە دواییدا قسەی ناشیرینی بە فارس جەرباو سفوك ئەلشیخ) سەرۆکانی عەشیرەتی شەمەری وتووە وەکو لە لاوکەکەدا ئاشکرا دەبێت ئێستا بەشێکی دەنووسین و لە دواییدا بە درێژی باس دەکەین :-

« حسینێ قەنجۆ دبێژێ
لبا من هەیە سەدو پێنجی
لاوکی

شەرقیان و دنان ئێزدیایێ ،
منێ ژێرا کۆلایا نەوچان و
ناپیایێ ،
منێ ژێرا قەکری دەرێ
سنندۆقێ زێرایێ ،
منێ شاندیا جەم دەولەتێد
ئەجنەبیایێ ،

ژمن را بینن سندۆق و
فیشەکێد سوستە میایێ ،

منی یسوندەکا خواری ب
تەلاقێد بێ فتۆ ئەزی پێلم
سالەك و شەش مەها تەیرو
حەیوانێ چولێ خەلاس نەکەن
گوشتێ کەلەشێد کوچکێد
شەمرایێ . »

شەرقی و دنە دوو عەشیرەتی مێرخاسی یەزیدین . واتە حسین قەنجۆ وەڵامی ئەو سەرۆکە عەرەبانەی داوەتەوەو پێیانی راگەیاندووە کە ناهێلم ساڵێك و شەش مانگان حەیوانی دەشتەکە گوشتی کوژراوەکانتان خەلاس بکەن .

بڕوانە ل - ٤

کلۆد مۆنێ



لە سەدەی نۆزدەهەم شەپۆلێکی بە هێز لە مەیدانی هونەرو ئەدەب و شیعر لە لایەن کۆمەڵێك لە لاوان لە فەرەنسادا بەرپا بوو بە رابەرایەتی (شارل بۆدلێر ، تیوفیل نموتێ ، گوستان کۆربێ دادوا دمانێ ، کلود مۆنێ) .... هتد .

ئەمانە لە زۆر کاتدا کۆ ئەبونەوەو دربارەی کارە هونەری و ئەدەبی و شیعرەکانیان ئەدوان . ئینجا لە بارەی هونەرەوە ئەم سەدەیە بەر شەپۆلی قوتابخانەی ئیمپریزیونیزم کەوت کەوا شەپۆلێك بوو توانی بەسەر قوتابخانەی ریالیزمیدا زاڵ بێ هونەرمەند (کلۆد مۆنێ) رابەری ئەم قوتابخانەیە بوو ... هەروا وشەی ئیمپریزیونیزم (انطباعیەت) لە تابلۆیەکی مۆنێ وە ورگیراوە کە لە ژێر ناو نیشانی (سەرنجێك لە کاتی رۆژ ئاوادا) بوو .

- ژیانی هونەرمەند کلۆد مۆنێ -

مۆنێ ساڵی ١٨٤٠ لە پاریس لە دایك بووە پاشان خێزانەکەی روو ئەکاتە بەندەری هاڤەر هونەرمەند هەر لە منالیەوە رق و کینێکی زوری لەقوتابخانە هەبووەو نەی ویستوە کەوا هیچ شتێك ببێتە هۆی ئەوەی لە جم و جۆلی رۆژانەی کەم بکاتەوە وە لە ژیانیدا زۆر بە گەڕان و گەشتی دەریایی دڵی ئەکرایەوە دڵخوازی لە کەللەی سەری دابوو . بۆ یەکەم جار لە ژیانی هونەریدا دەست ئەکا بە وێنە کێشانی کاریکاتۆرو چەند وێنەیەکی کاریکاتۆری مامۆستای خۆی ئەکێشێ وە ناوی بڵاو ئەبێتەوە بە وێنە کێشێکی کاریکاتۆری لە گوندەکەی ئەویش لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا مۆنێ رۆژ بە دوای رۆژ توانی هونەرەکەی خۆی گەشە پێ بکات و بیگەیەنێتە پایەکی بەرز نەك لە مەیدانی کاریکاتۆرەوە بەڵکو رووی کردە هونەری سروشت .

هونەرمەند یەکەم کەس بوو کە رووی کردە سروشت و دەستی بەوێنە کێشانی کرد بەڵام مۆنێ نەك هەر لە وێنە کێشانی سروشتەوە پلەی بەرز بوە بەڵکو لە تابلۆیی (مۆدێل)ەوەش دەستێکی باڵای هەبووە . هونەرمەند لەوکاتەی کە لە ساڵی ١٨٦٠ ناردیان بۆ جەزایر بۆ خزمەتی سەربازی توانی سودێکی زۆریش لە نیگارە سروشتی یەکانی ئەفەریقاوە وەربگرێ پاشان لە ساڵی ١٨٦٢ گەرایەوە بۆ فەرەنسا لە گەرانەوەیدا پەیوەندیەکی بە هێزی لەگەڵ هونەرمەند (رێنوار) بەست بەلگەی بلیمەتی مۆنێ بەڕووناکیەوە لە تابلۆکانیدا دەر دەکەوێ کە چۆن توانی خۆی لەو بیرو نەرێتەکۆنانە رزگار بکات کەوا وەکو چرێش بە هونەرەوە نوسابون وەروو بکاتەهونەرێك کەوا لەگەڵ چەرخی ئەم زەمانەدا بڕوات بەڵێ مۆنێ توانی ئەو هەست و نەستە ناسکەی کە لە ناو دەرونیدا هەلئەقوڵا بیدرکێنی وە بە رازاندنەوەیەکی هونەریانە بیخاتە سەرخامەکەوە ئەم هونەرمەندە لە پاش ئەوەی بۆ جاری دووەم ژنی هێنا لە ساڵی ١٨٨٢ پرۆگرامێکی نوێ بۆ کار کردنی هونەری خۆی دا ئەنێ ئەمیش ئەوە بوو لە یەك بابەت اد چەند تابلۆیەکی وێنە ئەکێشا بە جۆرێ کە جیاوازی لە نێوان تابلۆکانیدا لە رووی مێشك و جموجۆلەوە بۆمان دەردە کەوێ وە لە بەرهەمە بە ناوبانگەکانی تابلۆی (خاتونێك لە باخچەدا) لە ساڵی ١٨٦٧ وێنە ی کێشا بوو وە هەروەها تابلۆی تارمە لە ساڵی ١٨٦٦ وێنەی کێشا بوو زۆر شتێکی سەیرو سەرنج راکێشە کە ئەم تابلۆیە (تارمە) بە ٤٠٠ فرەنگی فەڕەنسی فرۆشت . کەچی ئەبینین هەر ئەم تابلۆیە دوای ١٠٠ ساڵ بە حەوت سەد ملیۆن فرەنك لە مەزاد خانەدا فرۆشرا ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٨٨٣ لە تەمەنێکی ٤٣ ساڵیدا روو ئەکاتە ئارامگای هەمیشەیی لەو کاتەی کەوا سامانێکی یەکجار زۆرو بەنرخ بەجێ دەهێڵێت کە ئێستا مۆزەخانەکانی جیهان شانازی پێوە دەکات وەك مۆزەخانەی (لۆڤەر) (توێلری) .

دارا محمەد عەلی
ئامادەی کردوە

سروودی مارسیلیزیا

مێژووی هەر میللەتێك وەك ئەسنکلۆپیدیا وایە پڕە لەرەمزو نیشانەی خۆبەخت کردن و خەباتی خوێناوی لە پێناوی وەدەس هێنانی سەر بەخۆی و ئازادی دا .. هەر میللەتەش بە شانازی یەوە ئەڕونێتە مێژوو رەنگاویەکەی خۆی و بە گۆرانی و چیرۆك ئەیرازێنێتەوە یان بە پارچە مۆسیقایەکی گرنگ وەك سەردولکە ئەیڵێتەوە بەشێوەیەکی وا کە باوەڕ وشەنگی نەبەر دانەی تێدا ببینرێ ئەبێتە سرودێکی نیشتمانی لە ناو کۆمەڵدا باو ئەبێ وەك (سروودی مارسلیز)ی فەرەنسایی و (ئەی رەقیب)ی گەلی کورد کە بریتین لەو سروودانە بەکۆمەڵ ئەیڵێن و بە دەنگێکی توندو مۆسیقاو ئاوازێکی دەنگ بەرزو پتەوکە لەدڵدا هەست و هەڵەت وجۆش و چالاکی ئەخولقێنێ و پال بە مرۆڤەوە ئەنێ وەهەست بە خوێن گەرمی ئەکا ، یاخود بێزاری ونەفرەتی لە دەروون دا سەر هەڵئەدا دژی بەچەوساندنەوەو ئازاردان وماف پێشیل کردن و زولم و جەور . وە هەست بەراپەرین ئەکا بۆ ئەوەی شالاویان . جاگەر سەرنجێك بدەین ئەبینین هەر سروودێکی نیشتمانی چیرۆکێکە بە خوێن نوسراوە ووشەکانی چوەتە ناو دڵ و رەگ و ریشەی کوتاوە سروودی (مارسلییز) سروودی گەلی فەرەنسایە .

(روجێ دی لیل)ی ئەفسەر خاوەنی ئەم سروودە بە ناوبانگەی شۆرشی فەرەنسایە . ئەفسەرێك بو لە بەشی ماتماتیك لە لەشکری فەرەنسادا . وارێك کەوت لە نیسانی ١٧٩٢ جارێکیان لەسەر دا خوازی پارێزەری شاری (ستراسبورگ) بۆ نان خواردن چوبو لە وێوە گوێی لە پارێزەرەکە ئەبێ کە بەهەناسە ساردیەکەوە ئەبن (زۆر بەداخەوە تا ئێستا سەر بازەکانی فەرەنسا سروودێکی نیشتمانی یان نی یە) ئەمەش ئەو دەمەی کە فەرەنسا لەگەڵ (نەمسا) لە شەڕدا بوو وە بەتایبەتی (نەمسا)ش ویستی لە رێگای شاری (ستراسبورگ)ەوە پەلاماری فەرەنسا بدات بۆ ئەوەی شۆرشی فەرەنسا لەرەگەوە هەلبتەکێنی .

(دی لیل) شەو کەگەرایەوە ماڵەوە کە مانەکەی خستە ژێر چەنەگەیی و بەپەنجەکانی دەستی کردە بە لەراندنەوەی تەلەکانی و لەگەڵیا هەڵبەستی سروودی (مارسکلییز)ی ئەنوسی و مۆسیقای بۆ دائەنا . پاشان لە سەر مێزەکەیەوە دەستەو ئەژنۆ سەری نایەوەو ئیتر چاوی نوقاند وەگیانی سپارد وەك بلێی رۆژگار تەنیا هەلی ئەوەندەی دابێ کە تەنیا ئەم سروودە بنوسێ . بەڵام بێ ئەوەی کە بزانێ ئەم چەند دێرە بوو بە سروودی مارسلیز بوو بە سروودی فەرەنساو جیهان دەیڵێتەوە .

(مارسلیز بۆ یەکەم جار لەلای سەربازەکانی هەرێمی باکوور بڵاو بۆوە پاشان وارێك ئەکەوێ هەندێك لە سەربازەکانی شاری مارسیلیا ئەچنە پاریس وە ئەم سروودە یان ئەوت جا لەبەر ئەوە ناویان نا بە سروودی (مارسیلێ) یاخود(مارسیلیز) . کەچی ئەوەندی نەخایاند لە سەرانسەری فەرەنسا لە دەمی گەورەو بچووك ئەبیسترا تا بوو بە سروودی فەرەنساو شۆرشی فەرەنسا ئەم سروودە پێش ئەوەی ببێتە سروودی نیشتمانی بۆ یەکەم جار سروودی گەلە لەبەر گرنگی ئەم سروودەو کارکردنە سەر دەروونی مرۆڤ یەکێك لە کۆماندەرەکانی دەڵێ (سروودی مارسیلزم لەگەڵ هەزار سەربازابدەنێ سەرکەوتنتان بۆ مسۆگەر دەکەم ئەم سروودەش ئەمەیە :

راپەڕن رۆلانی نیشتمان راپەڕن
رۆژی سەربەرزی دانزیك بوەوە
چەك هەڵگرن . رۆلانی میللەت چەك هەتگرن
دەی یەك گرن . هەڵمەت بەرن هەلمەت بەرن
تا ئاو دێرکەین خاکمان لەخوێنی دوژمنان

مارسیلز سروودێکە پڕ لەمۆسیقا ، هەست بزوێن وهانی مرۆڤ ئەدا کە خۆی بەخت بکات .. وەك (ئەی رەقیب)ەکەی گەلی کورد .

عبدالله علی
کردویە بە کوردی

یاری منداڵان!

(جعفر بەرزنجەیی)

مناڵ تەنیا پێویستی بە خواردن و خواردنەوە نیە بەڵکو پێویستی بە پەروەردە کردن و فێر بوون هەیە . هەر وەکوو ئەبینین لە وڵاتانی پێش کەوتودا زۆر بایەخ بە پەروەردەکردنی مناڵان دراوەو هەوڵ و کۆشش لە پێناوی دوا رۆژێکی بەختیارو تەندروستیەکی چاکتر بۆ مناڵەکانیان تا وەکو لە هەموو رەوەکانی زانیاری و کاروباری ژیانەوە زیاتر سەرکەون .. ئەوەی زۆر سەرنجم رادەکێشێ ئەوەیە کە بەشێکی زۆر گرنگی ئەو هەوڵ و تەقەڵایەی دراوە بەو یاریانەی کە پێویستە بۆ مناڵ . وەخەلکی وڵاتانی پێشکەوتوو هەر لەو کاتەوە کە مناڵەکانیان هێشتا بچوکن فێری بە کار هێنانی جۆرەها یاریان دەکەن کە پێویستە بۆیان وەکو بووکەشوشە . یاری مناڵان ورەد وردەو رۆژ لە دوای رۆژ بە پێی زیاد بوونی تەمەنیان و گەورە بونیان پێش دەکەوێت و دەگۆرێت ..! هەر بەم جۆرەش لە گەڵ زیاد بوونی تەمەنی مناڵ جۆری یاری یەکان ئەگۆرێن و لێرەدا ئەکرێن بە دوو بەشەوە :

یەکەم یاری تایبەتی بۆ کوران !
دوەم یاری تایبەتی بۆ کچان !

وەکو سایکولوجی ناسان رایان گەیاندوە یاری بۆ مناڵ زۆر گرنگە لە بەر ئەوەی یاری ساکار راستی ژیانیان فێر دەکات بۆ نمونە : ئەبینین کاتێك مناڵەکانمان چ جۆرە بووکەشوشەو یاری یەکیان دەدەینە دەست حەز دەکەن یاری پێ بکەن ئەویش لە بەر ئەوەیەکە دۆزینەوەیەکی شاراوە باڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەوەی لەم یاریانە جوانتر شارەزا ببن . یاخود بی بشکێنن تاکو بزانن ئەو شتانە چین کە شاراوەن . وە ئالوزی ئەویش تەنها هۆی ئارەزووی حەز کردن لە (پشکنینە) لەو بابەتانەی کە نەهێنین .

هەندێ یاری هەن کاتێك کە مناڵ ئەی شکێنێ دوبارە چاك ناکرێتەوەو ناگەرێتەوە بۆ دۆخی جارانی . رێبازی تازە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ دانانی یاری مناڵان بریتیە لە نەخشە کێشان بۆ دروست کردنی ئەوجۆرە یاریانەی کە دروست ئەکرێن بە جۆرێکی ساکار بۆ ئەوەی ئەگەر هات و درانە دەست مناڵان ساکار بێت وە ئەگەرشکا بتوانرێ چاك بکرێتەوە . ئەم رێبازە تازەیە بۆ مناڵان زۆر کەلکی هەیە چونکە بە هۆی ئەم رێگا تازەیە وە مناڵ فێری نەوەبێت کە ژیان شتێکی ساکار نیە بەڵکو پێویستی بە ماندو بوون هەیە .. کارگەکانی وڵاتانی دەرەوە ئێستا بەردەوامن لە دروست کردنی ئەو یاریانەی کە بەشێوەیەکی پارچە پارچە کراو بۆ ئەوەی مناڵەکان سەیری وێنەی ئەم پارچانە بکەن لە شێوەی راستیەکەیداو بتوانن لە چالاکی و هوشیار کردنەوەی هەستی بیر کردنەوە لە شتی نوێ کەڵك وەربگرن . بەم جۆرە ئەتوانرێت هەر لەسەرەتاوە توانای مناڵەکانمان بدۆزینەوە ... وە راکێشانی سەرنجیان بۆ ئەو جۆرە یاریانەکە زۆر تر گرنگن و ئەگونجێن لە گەڵ تەمەنی مناڵەکاندا و مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە جۆری یاری ئەبێ زۆرتر لە گەڵ توانای هۆش و بیری ئەو مناڵانەدا رێك بکەوێ . لە وڵاتانی دەرەوە زۆر بازاری بازرگانی گەورە هەیە بۆ فرۆشتنی یاری مناڵان تەرخان کراوە ..

وە ئەم بازارانەش کراون بەچەند بەشێك وە هەر بەشێك تایبەتیە . و لە گەل تەمەنی مناڵدا ئەگونجێت . وە ئێستا لە وڵاتەکانی پێش کەوتوو زۆربابەتە یاری دەرچون وەکوو سارۆخ ، شەمەندەفەری کارەبایی ، فرۆکە ، وە مرۆڤی دەست کرد . وهتد .

بڕوانە ل -٧-

insitut kurde de paris



مێژووی ماد

٢٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی برهان قانع لە فارسیەوە کردویە بە کوردی

- ٣٧ -

هەرچون بێت سواڵەتەکانی تەپۆلکەی گیان وتەپۆلکەی حەسار لەگەڵ سواڵەتەکانی شارەکانی سوریەو ئاشورو بین النهرین و شارستانیتی دوزراوەلە (سامەڕا)و (تل خلف) و (عبید) لە لایەك وە شارستانیتی و فەرهەنگی ئاسیای ناوەراست (ئانائو آی) لە لایەکی ترەوەوە لەگەڵ سواڵەتەکانی عیلام (شوش آی بی) و (شوش آی)وە (کەمێك دواتر) « لەگەڵ تویکڵی گیان ٤ » « شوش ٢ »زۆر لە یەکتر ئەچن . میژوی هەمو ئەم شارستانیەت وفەرهەنگانە لەهەزارەی چوارەم و سەرەتای هەزارەی سێیەمی پیش زاینیدا بووە . هەروەها پەیوەندیشیان لەگەڵ قەفقازو ئەوبەری چیای قەفقازدا هەیە ، هەروەکو تویکڵی « کی » لەگۆی تەپەو نیسبەت بە شوێنە نیشتەجێکانی چەرخی بەردومس لە قەفقازی مەرکەزی و ژورووداو ئەو بەری چیای قەفقاز - وەکو « شرش بلور » (لە نزیك ئەچمیادزین - ئەرمەنستانی شورەوی)و کایاکنت (داغستان ، هەروەکو نەخشیکی هەلکەندراوی سەرسوڵەت)و هی تر هەیە . بە بیروڕای «ب.ب پیوتروسکی» شوێنە نیشتەجێ ناوبراوەکان هینی هەزارەی سێیەمی پێش زاینی یە . هەروەکو ئەم بوارانە ئەتوانین بە بواری شارستانی چەرخی بەردو مسی سەوزەمینی مادی دابنیین لە سێ هەزار ساڵەوە تا دوو هەزارو پینج سەد ساڵ بەر لە زاینی . بەڵام دیاری کردنی شارستانی وفەرهەنگ و بەرابەری کردنیان لە روی نژادو فەرهەنگەوەیاخود لەیەك چونیان لە هەندی شوێنی جۆربە جۆردا وە رون کردنەوەیان کە ئایا تا چرادەیەك لە یەك ئەچن کارێکی زۆر گرانە (١٢) .

لە ئاسیای ناوەڕاست داسواڵەتە رەنگاورەنگە دروست کراوەکان زۆریان پەیوەندی بەمەردوم شوناسی و نژادی خەڵکی دەریای ناوەڕاست (مەدیترانە)وە(١٣) هەیە (وەکو دانیشتوانی ئیستای تورکمانستان و ئیران وبەشی زۆری ئازربایجان) وە لە کێوەکانی زاگروس و ئاشوروبین النهرین - ئەوەی دیارە - وەکو خەڵکی ئەمڕۆی ئەم شوێنانەو ئەرمەنستان و سوریەو فەلەستین و ... هتد لە نژادی(شێوە ئاشوری) - شێوە ئەرمەنی - ئەچون (١٤) . بەڵام لە بارەی مادو (فلات)ی ئێرانەوە ، کۆنترین دانیشتوانی ئەویش لە بارەی مەردوم شناسیەوە دەموو چاو رەش وسەر درێژو لە جۆری شێوە ئەوروپایی کەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاست (مەدیترانە) بون . کە ئیستەش وێنەی ئەوانە لە خوراسان و ئازربایجان(١٦) ئەژین و بەزۆری ئەبینرێن .

ئەو شتانەی کە لەشوێنەواری تەپولکەی حەسار دۆزراوەتەوە ئەوەمان بۆرون ناکەنەوە کە لەولەوشوێنانەدا هاتو چوو کۆچ و کوچباری ئەو سەردەمە چۆن بووە ! بەڵام هەرچۆن بێت لەوە ئەچێ ئەم ناوچانە لەبارەی مەردوم شوناسی و نژادەوە یەك جۆرو رەگەز نەبوون ، ئەوهەڵکەندراوانەی کە پەیوەندی بە هەزارەی دووەمی پیش زاینیەوە هەیەو لە تەپۆلکەی حەساردا دۆزراوەتەوە هەندێ کاسە سەری بچکۆلەی تیایە کە هەندێك لە مەردوم شوناسەکان- بەر لە بڵاو بوونەوەی دوا ئەنجامیان - ئەمانەیان بەچەشنی شێوە مەغۆل دائەنا ، دوای ئەوەش هەندێ کاسەسەری تر دۆزرایەوە کە گۆیا ئەمانەیان لە « نژادی ژوروو -نوردیك » بون(١٧) ئەم دو بۆ چون و بەراورد کردنە هەردووکیان گومانیان تیایە .

لە خوارووی ئێران - تاکو دەراوی روبارەکانی کارون و کرخەو لە ئۆشەی خوارووی رۆژئاوایەنەوە (عیلامی کۆن لە شارستانیتی بەرزی کشتو-کالیاندا) وەکو دەرکەوتوە مەردومی (شێوە رەش) کەلەوە ئەچێ لە نژادی دراویدی بووبن زۆر بوە بەڵام ئەم جۆرەخەڵکە لە ناو مادو ناوچەکانی تری ژوروودا نەبوون .

٢ - دانیشتوانی کۆنی مادی رۆژ ئاوا لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینیدا .

(هوری و عیلامی)

بەشێك لە خاکی ماد لەچارەکی سێیەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاینیدا ناوچەیەك بووە کە سەرچاوە نووسراوە کۆنەکان زۆر بە شپرزەیی وپەرپوتیەوە باسی ئەکەن . ئەو شوێنەوارو سەرچاوەنوسراوانەی کە لە بارەی ئەم ناوچەوە دوواوون و بە زمانی سومەری و ئاکادی و هوریانی نووسراون و دەست کەوتوون ئەڵێن : کە کێوە نزمەکانی رۆژ ئاوای زاگروس و ئەوجێگایانەی کە دوایی بوبون بە مەڵبەندی مادی رۆژئاواوهۆزەکانی هوری و لۆلۆو گوتی و چەند هۆزێکی تر کە لە عیلامیەکانەوە نزیك بون تیا دائەنیشتن و ژیانیان تیا بەسەر ئەبرد .

ئەو هۆزانەی بەزمانی هوریانی قسەیان ئەکرد لە هەزارەی دووەمی پێش زاینیدا لەبین النهرینی ژوروو تا رادەیەك لە سوریەو - هەروەکو هەندێك لەو نامانەی کە باسی شوێن و خەڵك وکەسایەتی ئەکەن دەرئەکەوێ - لە سەرانسەری (فلات)ی ئەرمەنستان بڵاوبوبونەوە . ئەمانە تا ناوەراستی هەزارەی یەکەمی پێش زاینی لەکەناری ئەو هۆزانەوە کە سەرچاوەیەکی تریان هەبومانەوە (١٨) . زمانی هوری-یەکان لەگەڵ (ئورارتویی) زۆرلە یەکترەوە نزیکن (١٩) . نووسراوێك بە خەتی ناکادی وبە زمانی هوریان لە پیاوێکەوە کە ناوی (تیشاری) پادشای(ئورکیش)و (ناوار) بووە لە چارەکی سێیەمی هەزارەی سێیەمی پیش زاینیەوە بووە دەست ئێمە کەوتوە . شوینی(ئورکیش) نازانرێت و باسی لێوە ئەکرێ (٢٠) . بەڵام(ناوار) شوێنیکە کە لە دواییدا پێیان وتوە (نامار)یان(نامرو) . واتا دەراوی روباری

بروانە ل -٧

لە بەردەم کتێبخانەکانی شاری هەولێردا ، گەلێك جار دیمە نێکی شیرین سەرنجم را ئەکێشێ - وەك سەرنجی زۆر کەسی تریشی راکێشاوە- دیمەنی کچۆلەیەکی خوێن شیرین کە بێدەنگ دێت و پرسیار لەهاتنی گۆڤارو روژنامە کوردی یەکان ئەکات ، ئەو کچە ئێسك سووکە خوشکە « شلێر »ی ناوە .. کە خاوەنی بەهرەیەکی زۆرە لە پەیدا کردنی ئازوخەی فیکری و روشنبیری یەوە ..!!

ئێوارەیەکی رۆژی هەینی لە بەردەم کتێبخانەیەکدا یەکترمان گرتەوە .

لە دیتنەکەدا زۆر شت سەرنجیان راکێشام ، لە هەموو مەڵوێستێك شیرینتر ئەوە بوو کە ئەم کیژۆلە خنجیلە ، پڕ بەدڵ حەزی ئەکرد بدوێ وەك خۆی واتەنی (لە خۆم کە هەست بە بوونی خۆم ئەکەم ، لە گلەیی بۆ کۆمەڵەکەم ، لە ئەو پەڕی خۆشەویستیم بۆ گۆڤارو رۆژنامەکان .. هتد) !

دەسا با دەرگای دەروونی خوشکە « شلێر »و دەیەهای وەك ئەم کیژۆلە رۆشنبیرە والا بکەین و بزانین ئاخۆ چی ئەڵێن !!

● **ئایا .. تۆ چۆن خۆت ئەناسی ؟! تکایە هەر بەو چەشنە خۆت بە خوێنەرانی ئازیز بناسێنە .**

- کچە کوردێك .. لە تەنگەبەرێکی تەسکا - لەهەمان کات لە دنیایەکی فراواندا - وەکو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە .. نەخێر وەکو ئەکتەرێکی یاخی .. خۆمتان پێش کەش ئەکەم (هەرچەن زۆر کەس ئەڵێن نیم) بەڵام هەزاران جاری تریش دێمەوە بۆ سەر ئەم شانۆیە ، تا ئەو کاتەی دەوری خۆم لەم شانۆگەری یەدا ئەبێنم !!

● **نازانم لە چی یەوە زیاتر دەست پێ بکەم .. چونکی کردنەوەی دەرگای چەند پرسیارێك کە ئاراستەی کچە کوردێکی وەك تۆ کرابێ ، پێویستی بە هەڵبژاردنێکە کە تۆڵێ یان دەرباز نەبیت !!**

- زۆرەها خواست و گلەیی لە دروونما ئەخولێتەوە ، بەڵام هەبێ و دەنگ و رەنگم کپ کرێ ؟! دەبێ بۆچی «قەدەغەبێ» لەم سەدەیە سەدان هیواو مەرامی ژیان لێخن بکرێ .

● **ئایا تۆ وەك کچە رۆشنبیرێك بۆچی تا ئێستا بەرهەمەکانت کەم جارو بەدەگمەن بڵاو ئەکەیتەوە ؟!!**

من ئێستا ئەخوێنمەوە .. ئەخوێنمەوە .. ، تا بتوانم ئەخوێنمەوە لە هەمان کات جەماوەر ..!!

- شیرزاد نانەکەلی -

کچە کوردێك لە ناو ئاوێنەی چەند پرسیارێکدا !

لە هەموویان جوانتر خستنە رووی واقیعە تالەکەیە ..!!

● **کامە واقیعی تاڵ خوشکە شلێر ؟!**

- ئەوبەڕی چاو نەکراوەیی زۆر کەس،دوو دڵی و گومانکردن لە هەموو شتێکا ! لە هەموویان گرانتر ، تێ نەگەیشتنی زۆربەی کۆمەڵە لە بوونی ئافرەتدا .. ، ئەگەرنا ، دەبێ بۆچی « ناو »م کەوتن زیاتر دەنگم ئەگاتە هەنگاوی ووردو لەسەر خۆ هەیە ..!!

● **لە کۆتایی ..!!**

- ئەگەڕێمەوە ، بۆ سەرەتای ئەو خەونەی رام ئەژەنێ بۆ ئامادەبوون و خۆ تەکان بۆ لە دایك بوونێکی تر ..!

● **چی تر ..؟!**

- چاکتر وایە ئێمە گشتمان خۆمان بناسین .

شێرزاد عبدالرحمن نانەکەلی

سەربەستی ئافرەت

بنچینەی ئابوری نیشتمانی یە

روناك محەمەد ئەمین

ئادەمیزاد لە وانایا هەیەتیشکی رۆژ بنێتەژێر دەسەڵاتی خۆیەوە وە رۆژ بەرۆژ هەوڵی ئەوە ئەدا کە تاریکی سەدەکانی دیلی و هەژاری و گیروگرفتی کۆمەڵایەتی ئەمرۆ بە رۆژگاری بەر لە مێژوو بسپێرێ وە ژیانی نوێی کارەباو چەرخی پیشەسازی دامەزرینێ ... ئەوزۆرانبازیە لە نێوان ئادەمیزادو سروشتدا خولقاوە لەگەڵ ژیانی رۆژانەی کۆمەڵا درێژە ئەکێشێ

ئینجا ئادەمیزادێك خاوەنی ئەو هەمو گیانی ورە بەرنەدان و نەبەزینە بێ وە بەو جۆرەدەستی لە یەخەی سروشت گیر کردبێ ئەبێ بۆچی بەرامبەر بەئاسن و ساردی و گەرمی دەسەپاچە بوەستی وە ناسۆری ژیان کاری تێ بکات .

باب و باپیرانمان کەرەسەی پیویستی ژیانی رۆژانەی خۆیان لە بەردو پارچە دارو ... شتی تر دروست ئەکردو ئەو خۆ خەریکە کردنەیان بوو بەبنچینەی بیر کردنەوەو داهاتی نوێ و چەرخی پیشەسازی گەورەی ئەمڕۆ کە مرۆڤ ئەخاتە جیهانی سەرسورمانەوەو لەگەڵ هێزی ئەتۆمدا ئەژی ... رۆژگارو سروشت گەلێك گیروگرفت لە ریگای پێشکەوتنی ئادەمیزادو بینای شارستانێتی نوێدا دروست ئەکەن . بەڵام ئەبێ مرۆڤی رۆژگاری کۆتایی سەدەی بیستەم بگرە زیاتر لە جاران بەربەرەکانی سروشت وگێژاوە - ناهەموارەکانی رۆژگار بکات و باشتر پایەی ئابوری وشارستانێتی نوێی خۆی دابمەزرینێ و زیاتر بە شوین سەربەستی و زانستی و فیربوندا وێڵ بێ ..

ئیش کردن و خۆماندو کردن وبیر کردنەوە لە جیهانێکی نوێ هەوێنی دامەزراندنی ژیانێکی باشترە .. ئەو ئادەمیزادەی کە وزەو توانای مەچەك و فیکری خۆی ماندو ئەکات و ئەیەوێ لە کۆتی ژیانی دوێنێ رزگار ببێت وە پێ بنێتە ژیانی سبەینێی روناکترەوە ، ئەو جۆرە -کەسانە تێکرا هۆی گۆرینی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی باری ئابوری وڵاتن .

دۆخی ئەمرۆی وڵاتی کوردەواری کە بە روالەت ئابوریەتی سەربەخۆی تیا رەچاو ناکرێت ولایەنە پێویستیەکانی تریشی تا رادەیەك لەناو قاڵبی خۆیانامەییوە گەلێك پێویستی بە تەقەللادان و خۆماندو کردن وزیاتر بەرهەم هێنانی نیشتمانی هەیە .

وە ئەم کارەش بە تەنیا لەسەر شانی پیاوان نیەو حوکمی

بروانە ل -١٠-

پۆستەی خوێنەران !

× **کاك ئەکرەم بێ ناز :**

ئەو باسەی لەسەر (خانزاد) قارەمانی ئافرەتی کورد نوسیوتە ئەبوا بەم جۆرە بوایە :

خانزاد ، لە ناوچەی هەریر کۆنە پایتەختی میرنشینی سوران بوە ، (٤٠٠) ساڵ لەمەوبەر ئەو باسە لە دایك بووە (لەشکری) یەکێك بوە لە سەرکردە لەشکریەکانی سلیمان بەگی برای کە بو بەهۆی لەناوبردنی میر .. خانزاد لە پاداشتی خراپەکاری دا (لەشکری) دا بە دادگاو کوشتیان .. ئەم روداوە (تارادەیەك) بووە هۆی پچڕاندنی پەیوەندی دۆستانە لە نێوان میرنشینی سوران و عوسمانلیەکانا . تیستەش لە ناوچەکانی باڵەك و بانەمان و هەریر گەلیك شوێنەواری قەڵاو دەسەڵاتدارێتی سەردەمی کۆنی ئەو میر نشینە ماونەتەوە . خانزاد هانی پیشەسازی دەستی و خویندەواری و کشتوکاڵی زۆرتر داوە تاکو ئەوەی ئێوە نوسیوتانە ..

× **کاك ئازاد عەبدولواحید کۆیی :**

ئەو باسەی کە لە سەرەتاکەیا نوسیوتە (ئەرێ با ئێمەش گوێزی بشکێنین) .. بە شێوەی رەخنەی ئەدەبی یان زانستی دا نەریژراوە ، نوسینەکەت گەلیك نهینی دەرونت ئاشکرا ئەکا وائەزانین رەوانیە ، ئینجا دیسان ئێمە بە کەسمان نەوتوە فڵان بابەتمان بۆ مەنێرن خۆمان ئەیکەین بە کتێب ! ئیتر ببورە .

× **کاك فەیسەل عوسمان :**

بەو جۆرەی کە لە سەر (فان کوخ) ت نوسیوە ، وەختی خۆی چەند جارێك بەو شێوەیە بڵاو کراوەتەوە لەبەر ئەوە ببورە .

× **کاك کازم عەبدوڵلا کۆیی:**

شیعرەکانت پوختن ، ئەمەش هەندێکە لەپارچەی هەژارەکان:

هەژارەکان ...
پێکەنینیان هیچ نەماوە
ناویان لە نێو پەڕاوەکان
رەش کراوە
.....

× **کاك تارق منتك :**

ئەو پارچە شیعرەی (وەفایی) ناردبوتان پیمان گەیشت زۆر سوپاسی هەستی دڵسۆزانەت ئەکەین .

× **کاك عوسمان فەتاح :**

مەسەلەی مانگ گیرانەکە شتیکی تازەی تیا نەبو ، هەر ئەوەندە بوو کە لە کتیبەکانی قوتابخانەدا ئەخوێندرێت .

× **کاك هیجری :**

بە داخەوە دەسخەتەکەتمان باش بۆ ناخوێندرێتەوە .

× **کاکە بەدبەخت لە هەولێر :**

ئەو باسەی کە لە گۆڤاری (المتفرج)ەوە کردوتە بە کوردی شێوەی دارشتنەکەی نەیتوانیوە خۆی لە ریبازی ئەدەبی عەرەبی جیا بکاتەوە ، داوای لێ بوردن ئەکەین .

× **کاك کەمال سەعدی :-**

هەرچەند دەسخەتەکەشتان باش ناخویندرێتەوە بەڵام جارێ با بمێنێ .. ئومید ئەکەین لە دەرفەتیکی ترا بڵاوی بکەینەوە .

× **کاك هاشم ئەحمەد سەراج :**

ئەمە بەشی یەکەمی شیعرەکەتانە

تۆچی ..؟
نەفریزوی دەشتی فراوانی
نە بەرگی شینی ئاسمانی
نە ئەستیرەی بەر بەیانی
توچی .. توچی .. خوای جوانی
.....

× **کاك صالح عەزیز قادر شوانی لە کەرکوك :**

(کورتەیەك لەسەر بیروڕای ئاینی زەردەشت)ت بۆ ناردوین کاکی برا ئێمە ناتوانین پشت بەو سەرچاوەکوردیانە ببەستین کە تاکو ئیستە لەبارەی زەردەشتەوە نووسیویانە .. چونکە میژوونوسەکانی رۆژهەڵاتی کۆن و یۆنان تارادەیەك پێچەوانەی ئەو بیروڕایانەن کە بەکوردی لەسەر زەردەشت نوسراون .. ئەوا نووسینەکەی جەنابتان ئەدەینە بەر سەرنجی لێکۆڵینەوەو لەگەڵ سەرچاوە بێگانەکان و بیروڕای کۆنەشونا سانی رۆژهەڵاتی کۆندا بەراوردیان ئەکەین ..

× **کاك زونگلی :**

بە داخەوە کاتێك نامەکەت گەیشت کاتی بوارەکە تیپەڕیوە

× **کاك ئازاد حەیدەری :**

پیمان خۆشە هەمو هونەرمەندێك بە هەمو کەسێك بناسێنین بەڵام ئەگەر نمونەی بەرهەمەکەی لەگەڵدا نەبێ بەچی بەخەڵکی بناسێنین .؟

× **کاك ماتەم لە سلێمانی :**

ئەمە ئەو چوارینە شیعرەیە کە بۆت ناردبوین :

ئەوانەی قەدری کەسیان لا نی یە
ناوی هونەرمەند نازانن چیە
لەناو کۆشێکا پەروەردە ئەبن
لە هونەر خەڵکی ئاگایان نیە

× **کاك کوردو عەبدوڵلا گەردی :**

لە پارچە هەڵبەستێکدا بەم جۆرە رو ئەکاتە دڵدارەکەی و ئەڵێ :

شیرینەکەم
ئەوا سێ ساڵ
لە سێبەری برژانگی تۆ
دەسە سڕی لول دراووم
لەناو دەریای چاوەکانتا
خنێکراوە ..
.....

جیهانی هەنگ و هەنگوین و پسپۆرێکی میللی لە کوردستانەوە

فەهمی قەرەداغی

پەیامنێری هاوکاری لە سلێمانی

بە رێکەوت لوتم بوو بە لوتیەوە ... هەر کەسێکی تووش ئەبێ چەند ساتێك یەخەی ئەگرێ و بە دووروو درێژێ سەر گورشتەی خۆی بۆ ئەگێڕێتەوە .. بەڵام کەس گۆیی لێ ناگرێ هەرچی ئەکاو ئەکۆشێ خانەنشینی ناکەن ..

ئەوە هەموو داواکاریەکێتی پاش چل و حەوت ساڵ خزمەت ... بەڵێ چل و حەوت ساڵ هەر بەدەم خۆشە ... ئەم پیاوە شارەزا میللی یە لە ناو هەنگ و هەنگویندا بردویەتە سەر ... بۆیە زیاتر لێی نزیك بوومەوە گۆیی خۆم بۆ بیرەوەریەکانی رازو وویستەکانی شل کرد .. خامەم بە دەستەوە گرت وویستم خوێنەرانی ئازیزی هاوکاری بێ بەش نەکەم ... کەوتمە تۆمار کردنی قسەکانی ....

- ناوم سەید عەلی سەید سەعدوڵلایە لە ساڵی ١٩٠٧ لە گوندی (هانە سوورە)ی سەر بە قەزای هەڵەبجە هاتوومەتە دنیاوە هەر کە فامم کردۆتەوە خەریکی هەنگەکانی ماڵێ خۆمان بووم ... تا لە ساڵی ١٩٢٧ دا خزمەتی سەربازی (اجباری) داهات ... هەڵهاتم بەرەو بەغدا ... لە ئوتێلیکدا ئەنووستم بە ریکەوت فەرمانبەرێکی دایەرەی پەروەردەی کشتوکاڵ لە ژوورەکەی مندا بوو ... بووین بە برادەر وە دای مەزراندم بە کرێکار لای خۆیان بە مانگانەی دوو دینارو نیو ... هەر لەو ساکەوە تا ئێستا لە نێوان بەغداو سلیمانی و موسڵ و هەڵەبجە چەند جار گوێزراومەتەوە تا ئێستا بە ناو لە بەکرەجو جێگیر کراوم مانگانەکەم نزیکەی چل دینار دەبێت .

خاڵە سەید بە شانازیەوە باسی شارەزایی خۆی دەکاو ئەڵێ : نایانەوێ خانە نشینم (تقاعد) بکەن چونکە کەسی وەکوو منیان چنگ ناکەوێ بە دڵسوزی و بەو شارەزایی یەوە ئیشیان بۆ بکات ... هەموو فەرمانبەرە گەورەکان رێزم ئەگرن . لەدایرەکەمان بەرهەمی من لە هی (مەکتەبلیەکان) هەمیشە زیاتر بووە ! لە (ئەبو غریب) حەوت سەد کیلۆ هەنگوینم بۆ دەرهێنان لە (بەکرەجۆ) ٦٠٠ کیلۆ هەنگوینم بۆ دەرهینان وە لە موسڵ هەشت سەد کیلۆ ... جارێکیان سێ سەدو نۆزدە کیلۆ هەنگوینم لە دوانزە سنووق هەنگدا دەرهێنا! هەروەها جاری و ابووە لە سنووقێکدا (٧٠) کیلۆ هەنگوینم بۆ دەرهیناون وە دوو (شا) هەنگم لە یەك سنووقدا بە خێ کردوە !

وە گەلێ پرسیارم دەربارەی ژیانی هەنگ و چونێتی بەخێو کردنیان ئاڕاستەکرد ... بەڵام لەبەر گوێ گرانی هەندێکی بە هەرحاڵ تێ ئەگەی و وەڵامی ئەدامەوە .. وە دیار بوو تەواو شارەزایە ... پسپورێکی میللی نەناسراوە .... نەخوێنەواری و هەژاری تواناو زانایی و کۆششی ئەو پیاوەی حەشار داوە .

خاڵە سەید لە بارەی ژیانی هەنگەوە ئەڵێ :

- هەنگ لە هاویندا مانگێك چل شەو ئەژی بەڵام لەزستاندا شەش مانگێك ئەژی ... ئەم جیاوازیەش ، هۆی ئەوەیە لە هاویندا هەنگ زۆر ئەجوڵێ خۆی ئەدا بە دارو بەردا ، زەردەواڵەو مارو میرو خەڵك

ئەیکوژن بەڵام لە زستاندا زۆر کەم ئەجوڵێ ....

- هەنگ جاری دوو هەزار تا دوو هەزارو پێنج سەد هێلکە ئەکەن لە ماوەی چواردە رۆژدا (شا) کان هەڵدێن وە کارگەرەکان لە حەڤدە هەژدە رۆژدا وە

پروانە ل - ١٠

وەرزش و پەروەردە

زانایانو دەوری زانستی لەپەروەردە کردنی وەرزش

لە یەکەم گۆشەماندا بایەخی وەرزشمان بەکورتی رون کردەوە هەر وەکو وتەیەکی بەنرخ هەیە ئەلی (ژیری تەواو لە لەش ساغی دایە • جا وەرزش چالاکی وبزوتنەوەیەکی بێ بناغە نیە بەڵکو سەدەها باسو لیکوڵینەو کتێبی زانستی لەسەر نوسراوە ولەم ریگەیەدا هەزاران ریکخراوی وەرزشی وزانیاری هەول ئەدەن بۆ بەهێز کردنی گیانی وەرزش بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەلك بە پلەیەکی بەرزی لەش ساغی وچالاکی بگەنو وجیهانیکی خوشو پڕ لە ئاسودەی دروست بکرێت •

لە ٢٦ تاکو ٣٠ی ئەم مانگە

کۆنگریەکی جیهانی لە مۆسکۆ لەژیر دروشمی (وەرزش وکۆمەڵی نوێ)دا بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی وەرزشی ولاتان لقی - یۆنسکۆ - پێك دێ • وئەم کۆنگرەیە لەلایەن زاناو شارەزایانی هەمو جیهانەوە بایەخێکی زۆری پێ دراوەو تاکو ئێستا (٧٥٠) ڕاپۆرتی لەو زانایانەوە پێ گەیشتووە • ئەم ڕاپۆرتانەش کە (٥٠٠)ی لێ هەڵ ئەبژیرێ لەپیناوی پەرە پێدانی وەرزشیو پەروەردە لە جیهاندا ئامادە کراوە • ولیژنەی رێکخراوی وڵاتان بەسەروکایەتی فیلیپ نۆبل باکر بەریتانیای کە خەڵاتی نوبلی وەرگرتوە بریاری لەسەر پەسەند کردنی (٢٠) لێکوللینەوە کە داوە زانایانی سوڤێت ئامادەیان کردوە ئەویش دەربارەی ئەو سێ خالە بوە کە کۆنگرەکە لەپێناویا پێك هاتوە ئەمانەن

١ - فەلسەفەو مێژو وزانیاری گۆمەلایەتی •

٢ - شیوەی فێرکردنو سایکۆلۆجی •

٣ - زانیاری ژیانو پزیشکی •

ئەمانە هەمو لەپێناوی پەرە پێدانی وەرزشو لەش ساغیدا کە ئەبنە هۆی بنیادنانی کۆمەلێکی بەهێزو وریاو چالاك وسەرفرازیو دوستایەتی نێوان گەلان پتەوتر ئەکات • وئەوی شایانی باس بێ یەکیەتی سۆڤێت (٢٠٠) پەیام نێرو نوسەری بۆ بڵاوکردنەوەی یەرهەمی ئەم کۆنگرەیە ئامادە کردوە وهەمو یارمەتی وپیویستیەکی بۆیان بریار داوە •

(هەواڵەکانی وەرزش لە لە کوردستاندا)

وەکو دەرکەوتوە لەم ماوەی دوایەدا وەرزش لە کوردستاندا پەرەی سەندوە وەئەم راستیەش لەوەدایە کە تیپە وەرزشیەکان بەگەرمی کەوتونەتە چالاکی وبەشداربون لە کۆری وەرزشیدا چ لە ناوچەکانی کوردستانو چ لەگەل تیپەکانی بەغدا وخوارودا • وئەمەش کورتە هەواڵی شارەکانە •

- هەولێر -

● تیپی پۆلیسی هەولێر کە کە تیپێکی بەهێزو هەلکەوتوە وگەیشتوەتە ریزی تیپە وەرزشیەکانی (پلەی یەکەم) لە بەغدا لە چەن کۆرێکی یاریدا بەشدار بوە وئەبێ • ولەم دوایەدا لەگەل ئالیاتی پۆلیسی بەغدادا لە فوت بۆلێی ب ٥ - ٠ گۆل دۆڕاندی • هەروەها بریارە تیپی ناوبراو لە ١٠ی ئەم مانگەدا لەگەل هێزی ئاسمانی لە هەولێر یاری بکات •

● لە ئەنجامی یاری فوت بۆلێنی یانەی (تآخی) بەسەر یانەی کوفەدا ب ١-٠ گول سەرکەوت • هەروەها بریارە تیپی ناوبراو بەسەردانیکی وەرزشی بەرەو کوت بڕوا بۆ یاری کردن لەگەل یانەی (کوت)ی ئەم شارە •

● یانەی هێرش لەفوت بۆلێن بەسەر تیپی (بلدیە)ی نینویدا ب ١-٠ گۆلسەرکەوت وئەمەش تەواوی ناوی ئەندامانی یانەی هیرشە بەسەرپەرشتی یاری کەری ناسراو محمد عثمان بەم شیوەی خوارەوەن سامی عبدالله - نظمی شاکر - سەرتیپ فاروق-جوهر یاسین- شێردل تحسین - زریار حسن• بایز مصطفی - کمال عبدالله - سمیر عبدالله - علی حسین - عبدالله یونس ومرسل حسین•

- سلیمانی -

لە کۆری هەلبژاردنی یانەکانی وەرزشی (پلەی دوەم) لە ولاتدا یانەی سلیمانی لەو کۆڕە بەشدار بوە • وەلە یاریەکدا لەگەل یانەی دیالی ب ١-٠ گۆل دوڕاندی •

- کرکوك -

● رۆژی هەینی رابوردو لە کۆتای پێهینانی (مصارعە) لەسەر پالەوانیەتی ژورودا هەلبژیراوی کرکوك(أ) بەیەکەم وهەلبژیراوی کرکوك (ب) بە دوەمو هەلبژیراوی نینوی بە سێیەم دەرچون •

● لە پالەوانیەتی باسکێتدا (سەلله) هەلبژیراوی (أهلی) کرکوك بەسەر پۆلیسی (نینوی)دا ب ٨٥-٥٤ خاڵ سەرکەوت •

● لە فوت بۆلێن یانەی (ناشئە)ی ئاسوری بەسەر یانەی ئەرمەندا ب ٨-١ گۆل سەرکەوت • ویانەی (الثورە) بەسەر یانەی سولافدا ب ٣-١ گۆل سەرکەوت • ولە یاریەکی کەدا کەرکوكو کوت ب ١-١ گۆل بەرامبەر بون •

کورتە هەواڵی رەنگاو رەنگ :

● لەئەنجامی سەرلێدانی وەفدی وەرزشی سوڤێتی بۆ ولات پەیمانیکی هاوبەشی لەبابەت هاوکاری کردنو پێشخستنی وەرزش لەهەمو بارێکیەوە لە مابەین عیراقو یەکێتی سوڤیت مۆر کرا •

● مۆسکۆ ئامادەی پیشکەش کردنی (١٥) ملیون دۆلاری بۆ محمد علی کلای داوە ئەگەر بێتو لەم شارە بڕواتە کۆڕی گرەوی (ملاکمە)وە وکلای لەوەتەیەکیدا هەڕەشەی لە فورمانو جۆفریزەر کردوە کە ئامادەیە بەیەك رۆژ هەردوکیان ببەزێنێ •

● کاربەدەستانی بەرزی زانستی بریاری لەسەر تەرخان کردنی (٦) ملیون دینار بۆ دروست کردنی کۆلیجیکی پەروەردەی وەرزشی لەسەر بناغەیەکی نوێداوە •

- عایدین کاکەیی -

کاندیداکان لە بێژینگ دەدرێن

هەڤاڵ نووسینی :
کردویە بە کوردی- جیمز ویستون -

سەرۆکی کۆبوونەوەی کومیتەی « رەوشتەکانی تازەی سیاسی » دەڵێ :

ئەوا کۆبوونەوەکەمان دەست پێ دەکا • لە سەرمان پیویستە تەواوی کاندیدای مەقامەکانی دەوڵەتی لە بێژنگ بدەین • ئێمە هەمیشە بە هۆی ئەم کومیتەیە تۆزتە کێنی لە وڵاتی خۆماندا دەکەین • تەنانەت ئەگەر رۆژێك دابێ کە هیچ کەسیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات نەمێنێتەوە • ئێستا با هەوڵین کاندیدا خۆی بناسێنێ •

- من نیلسون مایلستۆنم ،خۆم بۆ سەرۆکایەتی « کومیسیونی پێوەندیەکانی فیدراڵی » کاندیدا کردوە •• ناو نیشانی من بەم جۆرەیە :• سەرۆکی کۆبوونەوە قسەکەی دەبڕێو دەڵێ :

ئێمە کارێکمان بە ناونیشانی تۆ نەداوە • تەنیا دە مانەوێ خوو ورەوشتی تۆ بزانین •تۆ تا ئێستا هیچ جار گیراوی؟

وەڵام :بەڵێ لە ساڵی ١٩٤٨دا کە خەریك بووم دەچوومە « سین سیناتی » ، بە تاوانی ئەوەی کە لە رادەبەدەر توندم لێ دەخوڕی پێشیان پێ گرتم •

پرسیار : دەچووی لە« سین سیناتی » چ بکەی ؟

و : دەمەویست چاوم بەکچێك بکەوێ •

پ : کە وابوو نێوانت لەگەڵ کچو کاڵیش هەیە ؟

و : بەڵێ قوربان ، کچوکاڵ لە بەرچاوی من دنیایەکی سەیرن •پێم خۆشە لە قووڵایی دەروونیان بکۆڵمەوە • بە بڕوای من ••

پ : ئێمە کارمان بە زانینی بیروباوەڕی تۆ نەداوە • کارمان بە رەفتارو کردەوەی تۆیە •دەمانەوێ بزانین لە رابردوو دا ئاکارو رەفتارت چۆن بووە •بۆنموونە داخوا هیچ جار وا بووە لەگەڵ یەکێك لە سەماکەرەکانی تایبەتی « ئیستریپ تیز »ی ئارژانتینی چووبیتە گەڕانو رابواردن ؟

و : نەخێر قوربان •

پ : لە بەرچی ؟

و : چونکە قەت بۆم رێ نەکەوتوە بەختێکی وا باشم ببێ • بەڵام بیستوومە کە لە« کومیتەی رێگاو هۆیەکانی کۆنگرە »ی ئەمریکادا کاریان زۆر لە پێشە • (لەم دواییانە دا سەرۆکی کومیتەی ناوبراوکە ناوی « وێلبور مێلز » بوو، دیارە بە ئانقەست ناوی قارەمانی ئەم چیرۆکەش شتێکی وەك ناوی ئەو دیاری کراوە ،لە کاتێك دا کە لەگەڵ یەکێك لە سەماکەرەکانی « ئیستریپ تیز »ی ئارژانتینی خەریکی رابواردن بوو ، لە داو کەوتو ئاشکرا بوو • ئەم کارەساتە دەنگی دایەوەو لە نێو کۆڕو کۆمەڵی سیاسی ئەمریکا دا بە ئابروو چونێکی گەورەتەواو بوو •)

پ : کاك مایلستۆن ،تا ئێستا هیچ جار گیروگرفتی باجو سەرانەی دا هاتت بۆهاتۆتە پێش ؟

و : من لە ژیانم دا بێجگەلە گیروگرفتی باجی دا هات هیچ دەردی سەرێکی ترم تووش نەبووە •

پ : تا ئێستا هیچ جار لە« یەکیەتی ئاکاری مەسیحی ژنان »دا بووی بە ئەندام ؟

و : نەء •

پ : لە بەرچی ؟

و : چونکە لەگەڵ ئارەق خواردنەوە نێوانم هەیە •

پ : چەند بە چەند تووشی ئەم کارە خراپە دەبێ ؟

و : تەنیا کاتێك کە گەرووم وشك بێ •

پ : وەختی دیکە چۆنی ؟

و : وەڵلا کاتێك کە ماندووبم ، یا لەگەڵ دۆستو هاواڵان بچمە دەرەوە ، یان کاتیك تەماشای یاری گۆڵێن بکەم ، هێندێك جاریش کەزۆر وەڕەزبم ، یا کەیفم زۆر سازبێ ، یان تەماشای تەلەفیزیون بکەم ، دەخۆمەوە •

پ : بەرای تۆ ،بۆ کەسێك کە دەیەوێ ببێ بە سەرۆکی « کومیسیونی پێوەندیەکانی فیدراڵی » ، کارێکی بەجێیە لە وەختی تەماشا کردنی تەلەفیزیون دا بخواتەوە ؟

و : لە کاتی تەماشا کردنی ئەم تەلەفیزیونانەی ئێمە دا ، پیاو لە خواردنەوە زیاتر هیچ چارەی دیکەی نیە • ئەگەر ئارەق نەخۆیەوە چۆن دەتوانی سەیری بەرنامەی ئەم تەلەفیزیونانە بکەی ؟

پ : لەم بارەوە پرسیاری پێویست دەکەین • ئێستا بفەرموو بزانم هیچ جار وابووەلە سەر پێوەندی لەگەڵ ژنان دا تووشی کێشەو دەردی سەرهاتبی ؟

و : بەڵێ لە سەرانسەری ژیانم دا • لەوکاتەوە کە زۆر منداڵ بووم و لەگەڵ دایکم دەژیام ، تووشی ئەو دەردی سەریە هاتووم • دایکم ••

پ : ئێمە کارمان بە دایکی تۆنیە • دوای دایکت چت بەسەرهات ؟

و : هەوەڵین هاوسەرم کچۆڵێکی زۆر لە خۆ رازی بوو • تووشی زۆر گۆڵمەزوگیرو گرفتی کردم • لەم بارەوە زۆرشتم بەسەرهاتوە ئەگەر رێگا دە دەن دەتوانم بۆتان بگێڕمەوە • برا •••

پ : کومیتە لە کۆبوونەوەی بەڕێوە بردن دا لەم بارەوە پرسیارت لێ دەکا • ئەوەندەش بزانە من برای تۆنیم • کە وابوو ئێستا بۆمان دەردەکەوی کە تۆ لایەنگری تەڵاقیشی ، وانیە ؟

و : وەڵلا ئەگەر راستیتان دەوێ ، من لایەنگری تەڵاق نیم• بەڵام چار چیە • هێندیك جارپیاو تووشی تەڵاقیش دەبێ • بۆ نموونە ژنی دووهەمم لەو باوەڕەدا بو کە باشترین روو داو لە ژیانی دا ، تەڵاق وەرگرتن جیابوونەوەی لە من بووە •

پ : باشە ، ئەگەر تۆ یەکێك لە ئەندامانی کومیتەی ئێمە بای ، رێگات دە دا کە یەکێکی وەك جەنابت بەو هەموو رەفتاری نالەبار ورابردووی ئاکاری خراپەوە ببێ بەسەرۆکی ئیدارەی «پێوەندیەکانی فیدراڵی ئەمریکا » ؟

و : جەنابی سەرۆك ، باقسەی راستت پێ بڵێم • ئەگەر بەراستی ئەم تاقی کردنەوە بێ گاڵتەبێ ، من هیچ کاتیك حازر نە دە بووم کار بەدەستی دەوڵەتێك بم کە کومیتەی « رەوشتەکانی تازەی سیاسی »ئەو دەوڵەتە ، ئەندامێکی وەك من وسەروکێکی وەك جەنابتی هەبێ •

زۆر سوپاس جەنابی مایلستون •

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك •

ئاسۆو پەنجەرە

ئازاد عەبولواحید کۆی

زەردە خەنەیەکی درۆزنانە لەسەر ڕووی لێوەکانیەوە تیشکی دەدایەوە ، خۆی لەخۆیەوە نەخشەی بۆ ئایندەی ئارەزووەکانی خۆی دەکێشاوهەر خۆشی لاپەڕەیەکی رۆژ ژمێری بە سەر هاتەکانی خۆی هەڵ دەپچڕی ••

هەڵۆێستەکان •• ئەوانەی کە وەکو فلیمێکی ناسوور گوێچکەیان دەزرینگاندەوەودەیان خستە باوەشی ئەو زامانای کە رۆژ نا رۆژێك دەروازەی بێ نەوایی و بێ ئارامی فرەوانتر دەکردو تلیشەی تەشەنە کردنی بەبەر دا دەچوو ، بەسەر هاتی پیرەژنو خەمی مناڵە هەتیوەکەودەردی نەخۆشە بێ دەرمانەکە ، لافاوی هەورازەکە ، ئەوەندەی تر بارانی پرسیاریان بۆ دە باراندو نقومی ژێر باری ناهەمواری دەردە ژیانیان دەکرد •••

کەس گوێی لێ نە دەگرت ، بەڵام من دەمزانی هاو دوستی خەمەکانی منە ، ئەوان پێ کەنینیان پێی دەهات ، من گریان ! چونکی ئەو ئاوازەی کەلەگەرووی ووشکی پیرەژن هەڵدە قووڵا ••

بۆ ئەو هۆنراوەیە نە دەشیاکە بەگزادەکانی شارەکەم بەلایەوە بۆگەن بوونو دوورکەوتنەوە بوو ، ئەوەی کەدەردە بەڵای ئەم دیوو ئەو دیوی پیرەژنی هەڵدایەوە •• ئەو دەیزانی تا چ رادەیەك مەشخەڵ ئاگری ئەو دەروونە ناسکە تا چ بڕێك لە کوڵانو هەڵچوون وهەڵتۆقین دایە ، لە رۆژێکا دەیزانی تا چ رادەیەك مەشخەڵی پۆشیوە ، درە ختەکان پایز بە سەرداری خۆیان دەزانن ،

ئاوازی چریکەی چۆڵەکەیەکم لەیادە ، کە لە بەیانیەکی زوو دا لە شیرینە خەو رایچڵەکانم ، دەمزانی بەیانە ، بەڵام حەزم لە خەو بوو ، چونکە دەرو پشتم خەو تبوو ، ئەوەندەی تەکانم دا ، تەمەڵی نوێنەکانی بەسەر داخستم ، هەمیسان کەوتمە دونیای شیرینی خەوێکی تر •• کە هەڵسام دیم پەنجەرە خەریکە ئاسۆیەکی تازەی لێوە هەڵدێ ••!

هەولێر

پاشماوەی : منالان

چونکە ئەم جۆرە یاریانە زۆرتر بیرو هۆشی مناڵ هوشیار دەکەنەوەو سەرنجیان رادەکێشن بۆ پێش خستنی پیشەسازیو زانیاری تازەو بەردەوام بوونی پاشە رۆژی ژیانی مرۆڤایەتی لەم جیهانەدا ••

پاشماوەی مێژوی ماد

دیالە کە هەمان ناوچەی ژمارە(حەوتی) نەخشەکەی خۆمانە• لە رۆژهەڵاتی دیجلەو خاکی ئاشور لە هەزارەی سێیەمی پێش زاینی (بەتایبەتی لەبارەی ناوی کەسایەتیەوە) بوونی هۆریانەکان ئیسپات بووە ، وەلە هەزارەی دووەمی پێش زاینی دیسان ئەوانە لە ناوچەی کەرکوکی ئیستا (ئاراپخای کۆن) ژیاون (٢١) بەڵگەی لەمەروون تر لەبارەی بونونیشانەی هوریانەکانەوە بە دەستەوەنیە - ئەگەر چی هەندێك وتویانە کە خەڵکی ناوچەکانی٣ و٤ی نەخشەکەی خۆیان(٢٢) تا هەزارەی یەکەمی پێش زاینی لەوانەیە هوریەکان بووبن •

خاكو نیشتەجێی رەسەنی عیلامیەکان دەراوی کارونو کرخە بووە - یان عیلامی کون -کە ئیستە پێی ئەڵین خوزستان کەوتووەتە لای خوارووی رۆژ-ئاوای ئێرانەوە • بەڵام لە رۆژگاری کۆندا بنکەی عیلامیەکانو شوێنی پەیدا بوونی زمانی ئەوان بووە • هەروەکولە (بوشەهر) لە کەناری خەلیج (لی یانی کۆن)نووسراوێکی بە زمانی عیلامی کە بەروارەکەی لە دەوروبەری ناوەراستی هەزارەی سێیەمی پێش زاینی یە دەست کەوتوە(٢٣)لە شوێنەکانی تری فارسدا دیسان چەند نووسراوێکی عیلامی بە خەتی بزماریو جۆرەها نەخشی هەمە جۆرەو مانادار دۆزراوەتەوە • بەڵام لە بارەی خەتو نیگاری پیروزی (هیرو-گلیف)ی عیلامی کە بەر لە خەتی بزماری وە تاکو کۆتایی هەزارەی سێیەمو سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زاینی نووسراوی پێ نووسراوەتەوەو بەکار هێنراوە ، حەوت سەنەدبەخەتی ناوبراو لە تەپوڵکەی (سیلك) - خاکی ماد - لەهەڵکەندراوی ٤ (کوتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاینی؟)دۆزراوەتەوە(٢٤) • لە چەند ناوێکی جوگرافیایی سەردەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاینی وا دەرکەوتووە کە لە کۆنترین سەردەمەکانی کۆندا لە مادی رۆژهەڵاتو مەرکەزی خەڵکی عیلام ژیاوون • ئەبێ ئەوەش بزانین کە کاسیەکانو هۆزەکویستان نشینەکانی تر کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاینیدالە سنوری مادو عیلامدا ئەژیان لەوە ئەچێ شێوەی زمانیان لەعیلامەکان چووبێتو زمانەکەیان لەگەڵ زمانی عیلامیدا لەیەکترەوە نزیك بووبن • بە داخەوە زمانی عیلام تا ئیستەلەگەل زمانەکانی ترا بە شێوەیەکی تەسەل بەراوردنەکراوە ، (گەلێك تەقەللا درا کە ئەو زمانە - زمانی عیلامی -لەگەڵ زمانەکانی هوریو

پاشماوەی : لەبەندیخانەکانی

ئیران لە وەزعی زیندانەکانی ئیران ئاگاداربکەنەوە •

بەکاربەدەستانو سەرچاوەکانی نێونەتەوایەتی رابگەیەنن کە سەرێك لە گرتووخانەکانی ئێران هەڵێنن • تەنیا لەم مانگەدا کە من هاتوومە ئێرە ، شەش کەس لەژێر شکنجەدا کوژراون • رەنگەمنیش هەربەم جورە لە زیندان دەربازبم • بەخەڵك بڵێن بابێدەنگ دانەنیشن• پێ یان بڵێ رۆڵەکانی ئێوە لە بەندیخانەکانی شادا بەبێ بەزەیی جەزرەبەدەرێن • دایە لەبیرت نەچێ ••• »

دیکتاتوری پاشایەتی ئیران راونانو رەشەکوژی لەوڵات داتوندتر کردوە •

تێهەڵچوونەوەی توندی خەڵك لە بەرامبەر رێژیمدا ، بێ بڕوایی خەڵك سەبارەت بەرێژیم ، خۆڕاگری ئازایانەی ئەوان لە بەرامبەر پارێزەوانی کۆنە پەرستیداو چوونەپێشی پەیتا پەیتای کۆمەڵانی گەل بۆمەیدانی خەبات ، بۆتە هۆی ئەم رەفتارو کردەوە تاوانبارانەی رێژیم •

شامەترسیەکی یەك جار زۆری لە پەرە ئەستاندنی سەرلەنوێی جووڵانەوەی رزگاریخوازی هەیە کە ئێستا لە وڵات دایە • شا گوللەو نووکە نێزەی کردۆتە پاڵپشتی پاشایەتی خۆی • یەکێك لە چەکە هەرەگرنگەکانی رێژیمی شا ساواکە • شا بە چەکێکی ئەوتۆ هاتۆتە مەیدان ، کە تاقی کردنەوە زۆر جار نیشانی داوە ئەوچەکە کاریگەرنیە ماوەیەکی زۆریش فاشیستەکانی هێتلەری کەڵکیان لەم چەکە وەرگرت ، رۆژگارێکیش فاشستەکانی پورتوگال بۆ سەرکوت کردنی ئازادیخوازان بەکاریان هێنا • بەڵام ئەمڕۆ شوێنەوارێك نە لە هێتلەرو نە لە سالازار لەگۆڕێ دانەماوە ، کە ئەم دووپیاوکوژەش ئەلمانو پورتوگالیان کردبوە شکنجەگا- یەکی گەورە بۆ خەڵکی ئەو دوو وڵاتە •

ئێمە نابێ ساواك بەکەم بزانین • هەر لەوکاتەدا نابێ لەترسی هێزی لەرادەبەدەری ئەو رێکخراوەش نەترەمان پچێ • ئەو هەزاران گیراوە سیاسیەی کە لە زیندانەکانی ساواك دان، بەئازایەتیو خۆڕاگری خۆیان دەریان خستووە کە دەکرێو پیویستە لەبەرامبەر ئەم دەزگایەدا کە پارێزەرێکی خوێنڕێژی دیکتاتۆری پاشایەتی ئێرانە ، بەربەرەکانی بکرێ • بەڵام تەنیا بەربەرەکانی بەس نیە • پیویستە ئەم دەزگا خوێنڕێژە ریسواو بێ ئابروو بکرێ • دەبێ خەڵکی دنیا لە وەزعی بەندیخانە وشکنجەگاکانی ئێران ئاگاداربکرێ • پشتیوانی لە گیراوەسیاسیەکان ،بەمانای پشتیوانی لەئازادیو دیموکراسی وڵاتی ئێرانە •

پیویستە هەموو خەباتگەرانی رێگای ئازادی ئیران ، بەهەموو جورەبیرو باوەرێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیەوە ، بۆ تێکدانی دەزگای تێڕۆریستی ساواكو سزادانی کاربەدەستە پیاو کوژەکانی ، لەپێناوی ئازادی هەمووگیراوە سیاسیەکانو دابین کردنی مافی دیموکراسی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئیران ، خەباتێکی یەکگرتوو بەڕێوەبەرن

گەلانی ئێران پێویستە لە بەرامبەر هێزی یەکگرتووی کۆنەپەرستیو ئیمپریالیزمدا یەك بگرن • یەکگرتوویی ئێمە سەرکەوتنمان هاسانتردەکا • وێڕای بەهێزبوونی راونانو رەشەکوژی رێژیم لە وڵاتدا ، پێویستە خەباتی یەکگرتووو رێكوپێکی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران شێلگیرتربێ • یا وەڵامی بانگاوازی گەڵانی ئیران ، بانگا وازی نیشتمانپەروەران بدەینەوە با ئەوانمان لەبیرنە چێتەوە •

لە ژمارە (٣)ی
گۆڤاری دنیا وەرگیراوە

پاشماوەی : کاسترو

مەکەی کوباو حکومەتی هەڤانا ئەکەنو هاتونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە کوێرەوەریو دواکەوتویی وڵاتەکانیان لەوەوە هاتوە کە لەژێر چەپوکی ئەمەریکادانو بەپاشکۆی واشنتۆنەوە بەستراونەتەوە •• پێشکەوتنو بەختەوەریان بەوەوە بەندە کە چۆن لە پاشکویەتی ئەمەریکا رزگاریان ببێو رێگایەکی سەربەخۆ وەکو کوبا بگرنەبەر •

لە پەرەی ئەدەبی ئەدەبی ئاوەڕ



قەڵای پاشای کوێرە

پاشا کۆرە ، یەکێکە لەبیاوە یەک خاتو بیانکات بە هۆزەکێک، لە گوندەکانی کوردستانی میرنشینی بابان دەژیا ، لە ئاوایی دارەوانزی ئاکێستا لە میرەبە دەستگانی سۆران ٠٠ پێ بار زۆرتو لە هەترسی لە ناو خۆی ڕاگرتووە هاوە ٠ ئاوایی ئەم میرە زۆرو ئازایە چوونو توانی بە دوورین ٠٠ ئەم وێنە یەمان لە کاک تەها ئەوەبوو کە دەنگی گوندەکان شوانەواری حوکمڕانی پاشا سەعدوڵڵاوە بۆ هاتووە ٠

دوای ئەم هەموو ساڵە!

شتێکی خۆشە ، ڕووداوێکی بچووک زنجیرەیەک بیرەوەری کۆنی کەسێک سەر لەنوێ بینێتەوە یادو ، ئەو یادگارە خەفەبوانی جارانی، جارێکی تر دووبارەکاتەوە ٠٠

یەکێک لە جایێکانی مەسەلەحە یەکێک لە ڕووداوانە دەگێڕێتەوەو دڵێت ٠٠ پاسەکەم سینخناخ بوو ٠٠ خۆشم لە ڕۆژێکی پڕ هیلاکیدابووم ٠٠ خەلکی ناو پاسەکە لەقەرەبالغیدا ترشابوون بەسەریەکدا ٠٠٠ پیاوێکی پیر دە دینارێکی دامێ کە پارەی تیکتەکەی لێببڕم ٠٠ ئەگەرچی خەلکێکی زۆر چاوەڕوانی ئەوەیان نەکرد کە تیکت بۆ ئەوانیش ببڕم ٠٠ حەزم کرد جارێ لە پێشەوە باقی ئەو پیاوە پیرە بدەمەوە ٠٠٠ باقی پارەکەیم دایەوە ٠٠ بەڵام پارەکە هەموو وردەی ١٠ فلسو پەنجای بوو٠٠ سەیر لەوەدابوو پیاوەکە کە پارەکەی لێوەرگرتم چنگی لە پارەوردەکەی بۆ درێژ کردمەوە وەک فەرمانم بەسەردا بکا پێی وتم ٠٠ « کەریم ٠٠

ئا ئەو پارەیەت باش نەژمارد٠٠ تاماوی فیری حساب نابیت ٠٠ » ٠

ـ ئەو دەنگو نوارینەم لا بێگانە نەبوو ٠٠ کەسێکیان بیر ئەخستمەوە ٠٠ کتوپڕ هاتەوە یادم ٠٠ یەکێکە لە مامۆستاکانم کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایدا دەرسی حیسابی پێ خوێندبووم

ڕادارێکی ئەلەکترۆنی

کۆمپانیای مارکۆنی ئەم ڕادارە ئەلەکترۆنییە دەریایی بچکۆلەی دروست کردووە ، تۆنگی ئەم جیهازە لەوەدایە ، لەهەموکاتو زووفکی ناخۆشدا لەودای « ٤٠ » کیلۆمەترەوە ، شت دەست نیشان دەکات ، ئەویش بە هۆی ئەو ئەجهیزە ئەلەکترونییەی پڕ وردەکاریانەوەی ، بۆ ئەم ڕادارە دروست کراوە ٠٠

تاقمێ دزی بە حەپا

لە لەندەن تاقمێک دزو دەس پڕ بە تاقەشەوێک ٦٥٠٠ جونەیهی ئەستەرلینیان لە خەلکی ئەو شارە کێشاوەتەوە ، بە بیانووی ئەوەوە کە گوایە ئەوپارەیە بڕلەناوبردنی نەخۆشی شێڕپەنجە سەرف دەکەن ، ئەو تاقمەدزە هەریەکەپارچەخاەێکی بەپشتیخۆیاندا دوریوەو لەسەر خامەکەیان نووسیوە « مرنی کەسێک » ژان ئەخاتە دڵی کە سێکی ترەوە ٠

دادگای ئەوشارە پێنج ساڵ حوکمی سەرگەورەی دزەکانی داوە ٠٠ سەرگەورەی دزەکان لە پاکانەی کرداری کەیاندا ، لەبەر دەم دادگاداو تووبەتی ٠٠ بەراستی خەلکەکە دەست بالاوانە بەراستو چەپا پارەیان ئەخستە سنووقە سووڕە ، پڕکڕلەکانمانەوە ٠٠ ئێمە زۆر مەمنونیانین ٠

دووبەنە لەپایزدا

پایزی ئێمە دڵی پرخەمە ، پڕلە ئەندیشەو ئازارە ، خەزانی ئێمە هەوالی مەرگی سەوزیی و گوڵدەهێنێت ٠٠ پایز ٠٠ خەمو ڕەنگ زەردی بەخشە ٠٠ کەچی پایز لەوڵاتانی تر٠٠ئەو وڵاتانەی لە ڕۆژ ئاوای ئێمەوەن پایز مانایەکی تر ئەبەخشێت ٠٠ جوانییەکی تر ئەنوێنێ و دڵنیایەکی قوڵ ئەدات بەمرۆڤ ٠٠ دوو وێنە لەپایزا ٠٠

لە پەرەی مەرامدا...



مەعهەدی کەرەسەی خانوودروست کردن لە کۆماری ئەڵەمانیا ، لە ئەسبەستوچیمەنتۆ بۆ دیکۆری پێشی خانوو بنایەت جۆرە مادەیەکی دروستکردووە ، کە جێگای مەرمەڕ دەگرێتەوە ٠٠ ئەم مادە نویە ،بۆ ڕەنگاوڕەنگ کردن دەستەدات و دەتوانرێت بەنزیکەی شەستەرەنگی جیاوازی دروست بکرێت ٠٠

بێگومان ئەمماده نویە لەمەولادەورێکی بالآ دەبینێت لە ڕازاندنەوەی پێش خوانووکۆشکدا ، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی مەرمەڕ ئەم بایەخەی ئێستای نەمێنێت ٠٠

مرۆڤی دەوڵەمەندی ئەڕۆ...

یەکێک لەقوتابیەکانی بەشی گەڕان بە دوای شوێنەوارە کۆنەکاندا ، پارچەی کاسە سەرێکی دۆزیوەتەوە ، هیچ یەکێ لەو مرۆڤانەیە کە (٣٥٠) هەزار ساڵ لەمەوپێش لە ئەڵەمانیا لە دەورو بەری شاری نارتین‌دا ژیاوە ٠٠

دۆزینەوەی پارچەی ئەوکاسە سەرەمایەی سەرسوڕمانی دەستەیەک لە زاناکان بووە ، چونکە پارچەکەی تری ئەم کاسەسەرە لە مانگی ئەیلوڵی ساڵی پاردا لە شوێنێکی چوار مەتری لەم لا ئەمەوە دوور دۆزرابۆوە ٠٠

پرۆفیسۆر « دیتریش مانیا » وتویەتی ٠٠ ئەم دوو پارچەیە هیچیەکیو گومان لەوەدا نییە کەیەک کاسەسەر بوون ، خۆ ئەگەر لە دوو جێگای دوور لەیەکتریشدا دۆزرابنەوە ئەوە گومان ناخاتە ئەوڕاستییەوەکە ئەو دوو پارچەیە یەک کەڵەسەر بووبن ، لەوزەمانە کۆنەدا بەهۆی لێشاوی ئاوەوە لەیەکتر دوور کەوتوونەتەوە ٠٠

بە دۆزینەوەی ئەم پارچەیە ، ئێستا دەتوانرێت نەخشەی تەواوی کەڵەسەرەکە سەر لە نوێ بکێشرێتەوە کە شێوەی کەڵەسەرەکە سەر لەنوێ کێشرایەوە زاناکان دەتوانن بزانن شێوەی ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمە چۆن بووە ٠٠

ئەوەی شایانی باسە ئەم دۆزینەوەیە یەکێکە لەو دۆزینەوانەی کە زۆر دەگمەن دەست دەکەوێت وە لەم بابەتە تا ئێستا دوانزە شتی وا دۆزراوەتەوە ٠٠

بچووک ترین گورانی بێژی ئەورووپا

لینا زافارونی ، کێژۆڵەیەکە تەمەنی لە دە ساڵ بەولاوە ناچێتو بەبچووک ترین گۆرانی بێژی ئەورووپای ڕۆژ ناوا دادەنرێت لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کۆمپانیایانەی گۆرانی تۆمار دەکەن ساڵی دوو ملیون قەوانی ئەم کێژۆڵەیە، بەڵام دەکەنەوە ٠٠ ئەو کۆمپانیایانە ساڵی هەزاران دۆلار بەهۆی ئەمەندالەوەئەینە تەنکەی باخەلیانو ئەمیش نازانێ هەوالی دنیا چیەیە ٠٠ لینا لە ئاهەنگێکدا گۆرانی دەلێت ٠

سەرچڵیەکی ئیتالیایانە

« سەرچڵیەکی ئیتالیایانە » فلیمێکی نوێی ئیتالیایە، لەپاریس خەریکی وێنەگرتنین ٠٠ دەوری سەرەکی لەو فلیمەدا ستیفانی ساندریللی دەبینێت ٠٠ دەربارەی ئەم کچە ئەکتەرە دەرهێنەری سینەمایی ئیتالیای بە ناو بانگ « فیتۆری جاسمان» وتوویەتی ٠٠ لە ئیشی سینەمادا پاشە ڕۆژێکی گەشەدارو روناکی دەبێت ، لە بەرئەوورپایی و ژیرێتی یەی لەپێش کامێرەدا دەبینێت ستیفانی٠٠لەتەمەنی ١٦ ساڵییەوە لە سینەمادا ئیش دەکات و تا ئێستا (٢١) فلیمی دەرکردووە یەکەم فلیمی ئەم کچە ئەکتەرە فلیمی (تەڵاقدان لەسەر شێوەی ئیتالیا) ٠٠

⊙

ئاسێبری بلیمەتانسا

(ڕەنج)

« لوی ئاراگون » شاعیری بەناوبانگی فەرەنسە بەم شێوەیە لە هەڵبەستێکیدا پەنا ئەبا بو « ئەلزا » ی دڵداری :ـ

« لەم ساتەدا لە ئێوارە وەختەیی
تاریکی دڵتە نگدا
کە سەرەمەشقی هەڵبەستەکەم

لێ بزر دەبێ وەرەگی
ژیانو شادیو چریکەم پساوە

دڵدارەکەم تو ، تەنها تۆ
پەنا بەرمی

چونکە ئەمەوی جارێکی تر بێت بڵیمەوە
تۆم خوشی دەوی

ئەم ووشەیەش ئازارم دەدا
ئەگەر بێتۆ بوترێ ٠٠ »

دڵداری لە قیتنامی ئاگرو خەباتا :

« فیین فونج » شاعیری قیتنامی بەناونیشانی « لە بەهاردا شایی دەکەین»ئەم هەڵبەستە دەنێرێ بۆ یارەکەی :

« ئاوازی گۆرانی لەسەرتاپای گوندەکەدا بە رزبۆتەوە
ئەمشەو جەژنە ، منیش هەموو
هۆشم لای تۆیە ٠٠

تریفەی مانگە شەو هەموشتیکی
شتۆتەوە ، بەڵام من هەر
تروسکەی چرا پچوکە مانم لە یادە

ئەم پەڕو ئەوپەڕی وڵات گەرام
یادی ڕۆژانی گوندە بچوکەمان

لە مێشکما هەڵکەنراوە
نیوەی دڵم لەوی نێژراوە دڵدارەکەم

کاتێک تفەنگەکان بێدەنگ دەبن
لەوڵاتە ئازاد کراوە کەماندا

لە بەهاری سەرکەوتندا
شایی بەیەک گەیشتن دەکەین

زمارەی سپاردن بەکتیبخانەی نیشتمانی
١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

لە شاکارەکانی تۆلستۆی

دکتۆر سامی ئەلدوری لە پێش ماوێکەوە دەستی داوەتە ژیرینی‌ئەدەبیاتکانی نووسەری ڕوسی بەناوبانگ تۆلستۆی بۆسەر زمانی عەرەبی ٠٠ وەزارەتی ڕاگەیاندنی سوریا ، چاپکردنی ئەو کتێبانەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی٠٠ ئەوەی شایانی باسە دکتۆر دووری لە، وەپێشتر زۆربەی ئۆزی شاکارەکانی ئەو چیرۆک نووسە بەناوبانگەی کردووە بە، عەرەبی٠





کە بیری زمانی منالی ئەکەینەوە ، هەندێ یادگاری ئەوەزەمانەمان ، تۆزی شەرماویە ! یا وائەزانین کە مایەی تەریق بوونەوەیە ، یەکێ لەو یادگارانەی کە خۆیان ئەدن بەگۆشەی بیرەوەری هەندێکماندا ، شەڕە سەگە ٠٠ بەڵی شەڕە سەگ بۆ ئەوزەمانە خۆش بوو سەکە ئازاو دڕو



شەڕ کەرمایەی شانازی خاوەنەکەی بوو ، وەبگرە منالانی گەڕەک هەموو خۆیان پێوە هەڵەکیشا ٠٠٠

کە ئەویادگارانەمان ئەکەوێتەوە بیر ئەبێتەمایەی تەریق بوونەوەی ئەمڕۆمان ، لەبەر ئەوەتی ئێستا بەکردارێکی ماقوڵی نازانینو سەیرەن لێ دێت ، کە منداڵی چەژن پاڵی پێوەناوین بۆ ڕۆژەرە ئیشمانە٠

دوورنییە باوەڕم پێنەکەیت ٠٠ ئەوەی ئێمە بەمنداڵی کردوومانە ٠٠ ئەمڕۆکە لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان ٠ کە سانی بەڕێزو پێاوی ماقوڵو بەسالاچوو ئەیکەن ٠٠ !

لە ئەمەریکا وەک ئێمەدەشتەکیانە شەڕ بەسەگ ناکەن ! لەوی مەیدانی تایبەتی شەڕە سەگ هەیە ، وەک خەلکی هەزاران تیکت لەسەر ئەوسەگانەئەبڕێت کە لەو مەیدانانەدا ، بەشەڕ دەدرێن ٠٠ بەختەوەر ئەوکە سەیە سەگێکی دڕی شەڕ کەری ئازای کەلبەتیژی‌هەبێت وەک ئەڵێن « ئەو بە سالێک ئەبێت بەلۆرت » ٠٠

جمعیة الرفق بالحیوان‌هەرچەند داد ئەکاتو نارەزایی دەرئەبڕنو هاوار ئەکەن بێسوود لەگەڵ لووڕەی سەگو حەپەی گەمانە دڕەکاندا دەڕوابەهەوادا ٠٠

کارىکاتێر

دکتۆر — بەدڕۆ فۆی نەفۆش هستوە

بۆزانین

وەزارەتی اشغالو اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (٦٦ـ٧٤) بۆ دروستکردنی مەخزەنێکی پاراستنی دەرمان بۆ (طوارئ) لە پارێزگەی بەغدا .

بەمە رایئەگەیەنین کە ئەو مناقصە نهێنییەی سەرەوە بەپێی ئەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەریوەبەرایەتی پارێزگەی بەغدا بە (٥) پێنج دینار دەستئەکەونو ئەو پارەیەش نادرێتەوە . بەو مەرجەش بەلێندەر کە قۆنتەراتەکەی پێسپێردرا مەرجە گشتیو مواصفاتە فنییەکان بکرێت .

٢ ـ دوا کاتی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی سێ شەممەی رێککەوتی ٧ـ١ـ١٩٧٥ ئەبێتو وە پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان ئەکرێن لە بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال ـ حقوقو عقود ـ ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (١٥) پانزە مانگە .

٣ ـ تەندەرەکان ئەمانەیان لەگەڵا ئەبێ :ـ
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد دینار بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کە لەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو .
ب ـ هەویەی ژووری بازرگانی وەسیقەی بەریوەبەرایەتی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .
ج ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن .
د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەران .

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێت پشتگوێ ئەخرێ .

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین تەندەر یاخود هەر تەندەرێکی تر .

٦ ـ لەکاتی دیاری کراو لەسەرەوەو لەبەرچاوی بەلێندەران تەندەرەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێتەوە .

٧ ـ سزای دواخستنی کارەکە بۆیەك رۆژ (٢٠) بیست دینارەو پێویستە بەلێندەر کە قۆنتەراتەکەی پێ سپێردرا ئەندازیاری سەرپەرشتی کار دیاری بکات .

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

١ـ٢

بۆزانین

وەزارەتی اشغالو اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (٥٤ـ٧٤) بۆ دروستکردنی مەبانی لەپارێزگەی نەینەوا بەمە رایئەگەیەنین کەئەو مناقصەنهێنییەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لەبەریوەبەرایەتی اشغالی پارێزگەی نەینەوا بە (٣) سێ دینار دەستئەکەونو پارەکەش نادرێتەوە . بەومەرجەی بەلێندەر کە قونتەراتەکەی پێ ئەسپێردرێ مەرجە گشیو مواصفاتە فنییەکان بکرێت .

٢ ـ دواکاتی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە ، یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی سێ شەممەی رێککەوتی ٧ـ١ـ١٩٧٥ ئەبێت وە پێشکەش بە لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان ئەکرێن لەبەریوەبەرایەتی گشتی اشغال ـ حقوقو عقود ـ ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (١٠)دە مانگە .

٣ ـ تەندەرەکان ئەمانەیان لەگەڵا ئەبێ :ـ
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی (٢٢٠) دوو سەدو بیست دینار بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کە لەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو .
ب ـ هەویەی ژووری بازرگانی لەگەڵ وەسیقەی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .
ج ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن .
د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەران .

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێت پشتگوێ ئەخرێ .

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین تەندەر یاخود هەر تەندەرێکی تر .

٦ ـ لەکاتی دیاری کراو لەسەرەوەو لەبەرچاوی بەلێندەران تەندەرەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێتەوە .

٧ ـ سزای دواخستنی کارەکە بۆیەك رۆژ (٢٠) بیست دینارەو پێویستە بەلێندەر کە قۆنتەراتەکەی پێ سپێردرا ئەندازیاری سەرپەرشتی کار دیاری بکات .

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

١ـ٢

بۆزانین

وەزارەتی اشغالو اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (٧٧ـ٧٣) بۆ دروستکردنی قوتابخانەی پیشەسازی لەهەولێر ـ پارێزگای هەولێر .

بەمە رایئەگەیەنین کە ئەو مناقصە نهێنییەی سەرەوە بەپێی ئەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەریوەبەرایەتی اشغالی پارێزگەی هەولێر بە (١٠) دە دینار دەستئەکەونو پارەکەش نادرێتەوە ، بەو مەرجەش بەلێندەر کە مناقصەی پێئەسپێردرێ مەرجە گشتیو مواصفاتە فنییەکان بکرێت .

٢ ـ دواکاتی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە ، یاخود پێش سەعات دوانزەی رۆژی شەممەی رێککەوتی ٤ـ١ـ١٩٧٥ ئەبێتو وە پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان ئەکرێت لە بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال ـ حقوقو عقود ـ ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (٢٠) بیست مانگە .

٣ ـ ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ تەندەرەکاندا ئەبێ :ـ
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی (٣٢٠٠) سێ هەزارو دوو سەد دینار بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کە لەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ ئیش بکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو .
ب ـ هەویەی ژووری بازرگانیو وەسیقەی بەریوەبەرایەتی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .
ج ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن .
د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەران .

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێ پشتگوێ ئەخرێ .

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە مولزەم نیە بە وەرگرتنی نزمترین تەندەر یان هەر تەندەرێکی تر .

٦ ـ لەکاتی دیاری کراو لەسەرەوەو لەبەرچاوی بەلێندەران تەندەرەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێتەوە .

٧ ـ سزای دواخستنی کارەکە بۆ یەك رۆژ (٣٠) سی دینارەو پێویستە بەلێندەر کە مناقصەکەی ئەدرێتێ ئەندازیاری سەرپەرشتی کار دیاری بکات .

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

١ـ٢

ـ بۆزانین ـ

وەزارەتی اشغالو اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی دروستکردنی بیناکانی ئاموژگای فنی کشتوکاڵ لە ـ اسکی کلك ـ پارێزگەی هەولێر (پرۆژەی پەروەردەیی) بەمە رایئەگەیەنین کە ئەو مناقصە نهێنییەی سەرەوە بەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەریوەبەرایەتی پارێزگەی هەولێر یاخود لە بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال بە (١٠)دە دینار دەست ئەکەونو ئەو پارەیە نادرێتەوە ٠٠ وە بەو مەرجەش ئەو بەلێندەرەی مناقصەکەی پێ ئەسپێردرێ مەرجە گشتیو مواصفاتە فنییەکان بکرێت .

٢ ـ دواکاتی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە ، یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی سێ شەممەی رێککەوتی ٣١ـ١٢ـ١٩٧٤ ئەبێو پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان ئەکرێن لە بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال ـ حقوقو عقود ـ ٠ وە ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (٣٦٥) رۆژە .

٣ ـ تەندەرەکان ئەمانەی خوارەوەیان لەگەڵا ئەبێت :ـ
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کەلەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو .
ب ـ هەویەی ژووری بازرگانی لەگەڵ وەسیقەی بەریوەبەری باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .
ج ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن .
د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەران .

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی خۆیدا پێشکەش نەکرێ پشتگوێ ئەخرێ .

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین تەندەر یان هەر تەندەرێکی تر .

٦ ـ لەکاتی دیاری کراو لەسەرەوەدا وە لەبەرچاوی بەلێندەران تەندەرەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێتەوە .

٧ ـ سزای دواخستنی کارەکەبۆیەك رۆژ (٣٠) سی دینارەو پێویستە بەلێندەر کە قونتەراتەکەی ئەدرێتێ ئەندازیاری سەرپەرشتی کار دیاری بکات .

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

١ـ٢

ـ بۆزانین ـ

وەزارەتی ئابوری

بەیاننامەی ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٩٧٤

بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی رێکخستنی بازرگانی ژمارە (١٣٦٢)و رێککەوتی ٢٤ـ١١ـ١٩٧٤ وە بەپێی ئەو دەسەلاتەی دراومانەتی ئەم بڕیارانەمان دا :

١ ـ نرخی تەنێك جۆی لە تورەکەکراو کە لەسایلۆدایە بۆ مەبەستی ئالفی ئاژەڵ (٣٤٫٢٥٠) سیو چوار دینارو دوو سەدو پەنجا فلسە .

٢ ـ نرخی تەنێك جۆ لەئەسیافو علاوی بۆ ئەوەی لەبازاری ناوخۆدا بەخەڵکی بفرۆشرێ (٣٨) سیو هەشت دینارە ، بەمەرجێ نرخی یەك کیلۆ لە (٣٨) سیو هەشت فلس پتر نەبێ .

٣ ـ ئەم بەیاننامەیە لەگەڵ بلاوبونەوەیدا بەهۆی دەزگاکانی ئیعلانەوە جێبەجێئەکرێ وە ئەوەی بەپێچەوانەی ئەمەوە بجوڵێتەوە بەپێی ناوەرۆکی یاسای رێکخستنی بازرگانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٧٠و چاککردنەکانی سزا ئەدرێ .

حکمت العزاوی
وەزیری ئابوری

١ـ٢

بۆزانین

وەزارەتی اشغالو اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (٧٧ـ٧٣) بۆ دروستکردنی قوتابخانەی پیشەسازی لەهەولێر ـ پارێزگای هەولێر .

بەمە رایئەگەیەنین کە ئەو مناقصە نهێنییەی سەرەوە بەپێی ئەو مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەریوەبەرایەتی اشغالی پارێزگەی هەولێر بە (١٠) دە دینار دەستئەکەونو پارەکەش نادرێتەوە . بەو مەرجەش بەلێندەر کە مناقصەی پێئەسپێردرێ مەرجە گشتیو مواصفاتە فنییەکان بکرێت .

٢ ـ دواکاتی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە ، یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی سێ شەممەی رێککەوتی ٤ـ١ـ١٩٧٥ ئەبێتو وە پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان ئەکرێن لە بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال ـ حقوقو عقود ـ ٠٠ ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (١٥) پانزە مانگە .

٣ ـ تەندەرەکان ئەمانەیان لەگەڵا ئەبێت :ـ
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینار بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کەلەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو .
ب ـ هەویەی ژووری بازرگانی لەگەڵ وەسیقەی بەریوەبەرایەتی باجی دەخل کە بۆ ئەڵ ساڵ نوێ کرابێتەوە .
ج ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی لەمەئەچن .
د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەران .

٤ ـ هەرتەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێت پشتگوێ ئەخرێ .

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین عەتا یاخود هەر عەتایەکی تر .

٦ ـ لەکاتی دیاری کراو لەسەرەوەدا وەلەبەرچاوی بەلێندەران تەندەرەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێتەوە .

٧ ـ سزای دواخستنی کارەکە بۆ یەك رۆژ (١٠) دە دینارە .

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

١ـ٢

بۆزانین

وەزارەتی اشغالو اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی دروستکردنی (المدربە الشاملە) لە صوێرە پارێزگەی واسط (پرۆژەی پەروەردەیی) ٠
بەمە رایئەگەیەنین کە ئەو مناقصە نهێنییەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەریوەبەرایەتی اشغالی پارێزگەی بەغدا بە (١٠) دە دینار دەست ئەکەونو ئەو پارەیەش نادرێتەوە ٠ بەو مەرجەش بەلێندەر کە مناقصەکەی پێسپێردرا مەرجە گشتیو مواصفاتە فنییەکان بکرێت ٠

٢ ـ دواکاتی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە ، یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی شەممەی رێککەوتی ٤ـ١ـ١٩٧٥ ئەبێتو پێشکەشکە بە لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان ئەکرێن لە بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال ـ حقوقو عقود ـ ، ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (١٨) هەژدە مانگە ٠

٣ ـ تەندەرەکان ئەمانەیان لەگەڵا ئەبێ :ـ
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی (٦٠٠٠) شەش هەزار دینار بەشێوەی کەفالەتێکی مەسرەفی کەلەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ کاربکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو ٠
ب ـ هەویەی ژووری بازرگانیو وەسیقەی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ نوێکرابێتەوە ٠
ج ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەران ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێت پشتگوێ ئەخرێ ٠

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە مولزەم نیە بەوەرگرتنی نزمترین عەتا یاخود هەر عەتایەکی تر ٠

٦ ـ لەکاتی دیاری کراو لەسەرەوەو لەبەرچاوی بەلێندەران تەندەرەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێتەوە ٠

٧ ـ سزای دواخستنی کارەکە بۆیەك رۆژ (٥٠) پەنجا دینارەو پێویستە بەلێندەر کە قۆنتەراتەکەی ئەدرێتێ ئەندازیاری سەرپەرشتی کار دیاری بکات ٠

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

١ـ٢

بۆزانین

وەزارەتی اشغالو اسکان

بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال

مناقصەی نهێنی ژمارە (٥٤أـ٧٤) بۆ دروستکردنی مەبانی لە پارێزگەی کەرکوك ٠
بەوە رایئەگەیەنین کە ئەو مناقصە نهێنییەی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :ـ

١ ـ لیستەکانی مەرجی مناقصەکە لە بەریوەبەرایەتی اشغالی پارێزگەی کەرکوك بە (٣) سێ دینار دەستئەکەونو ئەو پارەیەش نادرێتەوە ، بەومەرجەش بەلێندەر کەمناقصەکەی پێئەسپێردرێ مەرجە گشتیو مواصفاتە فنییەکان بکرێت ٠

٢ ـ دواکاتی پێشکەشکردنی تەندەرەکان لە یاخود پێش سەعات دوانزەی نیوەڕۆی سێ شەممەی رێککەوتی ٧ـ١ـ١٩٧٥ ئەبێو پێشکەش بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان ئەکرێن لە بەریوەبەرایەتی گشتی اشغال ـ حقوقو عقود ـ ئەوپەڕی ماوەی تەواوکردنی کارەکە (١٠) دە مانگە ٠

٣ ـ تەندەرەکان ئەمانەیان لەگەڵا ئەبێ :ـ
أ ـ تەئمیناتێکی سەرەتایی (٢٢٠) دوو سەدو بیست دینار بەشێوەی کەفاتێکی مەسرەفی کەلەکاتی داخستنی مناقصەکەوە بۆ ماوەی شەش مانگ ئیش بکات یاخود چەکێکی تصدیق کراو ٠
ب ـ هەویەی ژووری بازرگانی لەگەڵ وەسیقەی بەریوەبەرایەتی باجی دەخل کە بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە ٠
ج ـ لیستەیەك دەربارەی ئەو کارانەی لەمە ئەچن ٠
د ـ هەویەی تەسنیفی بەلێندەران ٠

٤ ـ هەر تەندەرێك لەکاتی دیاری کراودا پێشکەش نەکرێت پشتگوێ ئەخرێ ٠

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە مولزەم نیە بە وەرگرتنی نزمترین تەندەر یان هەر تەندەرێکی تر ٠

٦ ـ لەکاتی دیاری کراو لەسەرەوەو لەبەرچاو بەلێندەران تەندەرەکان ئەکرێنەوەو ئەنجامە سەرەتاییەکەش لە لەوحەی ئیعلاناتدا بلاوئەکرێتەوە ٠

٧ ـ سزای دواخستنی کارەکە بۆیەك رۆژ (١٠) دە دینارە ٠

عبدالوهاب المفتی
بەریوەبەری گشتی اشغال

١ـ٢

institut kurde de paris

پاشماوەی : تاریکورون ...

دابنێت و پێکیانەوە ببەستێ بەڵێ کاتێك دەتوانێ پێکیانەوە ببەستێ کە پێوەندییێکی جەدەلی « ماددی » بدۆزێتەوە لە نێوانیان‌داو دیاری بکات و بیکاتە مەرکەزێکی بەهێز بۆ پێکەوە لکاندنی هەر دوو خۆشەویستی‌یێکە « واتە خۆشەویستی بۆ زاتێك لەگەڵ خۆشەویستی بۆ کۆمەڵێك یان نیشتیمانێك » .

وە ئەم دوو دێڕە شیعرەی شاعیری نەفرەت لێکراو « بۆدلێر » نموونەیێکی خراپ‌نی‌یە بۆ ئەم جێیە .

« حبیبتی » ....

« خصلات شعرك الاسود تتدلى من فوق كتفيك »

« كموجة من البطالة تجتاح فرنسا »

ئینجا با ئەوە دیاری بکەم کە ئەو دوو دیاردەیەی باسم کرد کارەبا پچڕاندنی شیعری و مۆدیل‌کاری بە مەسەلەی ئافرەت و نیشتیمانەوە ، لەچی‌یەوە هاتوون ..!

١ ـ جێگای چینایێتی شاعیر وەکو پەروەردە بوون و چاوکرانەوەو خوورەوشت .

٢ ـ ئیلتیزامی فیکری و تەنزیمی بە پارتێکی سیاسی سەر بەچینەکەی خۆی .

٣ ـ سەرە رۆیی و سام‌کردن لە هەندێ شتی دیاری‌کراو کە بی‌یەوێ و نەیەوێ وەکو دیاردەیێکی ئەم سەردەمە خۆی فەرزکردووە .

لە شەرح کردن‌دا هەر سێ خاڵەکە کۆ دەکەمەوەو پێکەوە باسیان دەکەم :

هێمن شاعیرێکی بۆرجوای چاو کراوەیە ، هەر لەسەرەتای لاوێتی‌یێوە کۆمەڵەو نیمچە پارتی چینەکەی خۆی بۆ بووە بە پشتگیرو رێ نیشان‌دەر وەکو هەموو شاعیرێکی ئەوچینە باوەڕی بەخۆیێتی و لە زۆر جێ‌دا کەس نابینێ لە کاری خۆی‌دا « وەکو ئیختیساس » لەسەروو خۆیەوە بێت ، وە دەیەوێ لەهەموو شوێن پێشکەوتووخوازی خۆی بسەلمێنێ و بەرگری بەجێ و نابەجێش بکات لە باوەڕەکانی وە گەرچی بەدەم هاواری بەیەك چاو روانینی خەڵکی دەکات بەڵام ئێستاش خۆیی زۆربەی ئاوەڵەکانی ئامادەن و کردوویانەو دەیکەن « دەژانن چی ؟ » شەڕەگەڕەك واتە کەباس باسی ئاسیا بوو لەسەر کوردستان دەکەنەوە ، کە کوردستان بوو لەسەر موکریان کە موکریان بوو ئینجا کەڕەکی خۆیان و ماڵی خۆیان و کەسی خۆیان وە لای زۆر رۆشنبیر روون‌بۆتەوە کە رەنگە ئێستا هەندێ خوێندەوار بە موبالەغەی بزانن ، وە رۆشنبیرانی ئەو چینە ئامادەنین دان‌بنێن بە تێك‌شکاندنی خۆیان‌دا ، گەرچی هێمن وەکو شاعیرێکی « زۆر جار چورتم تووش هاتوو » لە هەندێ شیعردا باسی تێکشکاندنی خۆی کردووە بەڵام دیارە دەنووکی گرووپەکەی واتە ئامۆژگاری دۆستانی ئیلتیزامەکەی کە دەبێت شاعیر هەردەم خۆش‌بین بێ و سووربێ لەسەر خەبات و ئەدەبەکەی نابێ باسی خەمی تێدابێت هەتاوەکو گەر باسی خەمیشی تێدابێت دەبێ دواینیەکەی هەڵسانەوە بێت ، بەوجۆرە ناچار بەگوێرەی نەخشەکانی ئەوان شیعرەکە دێنێ بۆیێ دەبینین لەسەرەتادا بەهێزن ماناکانیان جوانە شاعیرسۆزی خرۆشاندووە تیای‌دا بەڵام کاتێ وەکو گونجاندنە گیانی‌یێکە شاعیر لێ‌دەبێتەوە ئینجا لە دێڕەکانی دوایی‌یەوە بۆ ئەوان و لەبەر خاتری بێ‌رازی بوونیان دای دەتاشێ . بەتایبەتی شیعری « بناری هەڵگورد » وەکو ئافرەتێکی نازدار دێتە پێش چاووم کە بەرگەکانی جیهانین و زۆربەی زمانەکانی جیهان دەزانێ کەچی کڵاوێکی لبادو بێشکەیێکی « لانکە »ی کرمانجانی بەکۆڵەوەیە ، ئەو قسەیەی کردم باشترین ستایشە بە گوێرەی فەلسەفەی خۆی و دۆستانی هەروەکو چۆن بەگوێرەی فەلسەفەکەی لەمەڕ من نەهامەتی‌ترین شتە وە ئەوە ئەو کۆت و پێوەندە نەگریسانەن کە ئەدەبی کوردی ئێمەی گوشیوە بە ئیقلیمی‌یێکی تەسك و کەم بینەوە . ئێستاش هێمنی شاعیرو هاوبیران و هاو فەلسەفەکانی ئەو ، شانازی بەوەوە دەکەن کە شیعرەکانیان کوردێکی رانك و چۆغە لەبەری کڵاش لەپێی سەر بەمشکی و جامەدانەیە ، شانازی بەوەوە دەکەن کە ناوی نەبات و میوەی کوردستان نەماوە لە شیعرەکانیان‌دا نەبێت یان ئەسباب و کەرەسەی ناو گوند ، هەموویان‌باس کردووە ، ئەوەیە کاتێك لادەکەینەوە شیعرەکە دەبێت بەراپۆرتێك لەسەر شت‌ومەکی لادێ و جۆری ژیانیان وە دەچێت بەرەو ئەو ناتورالیزمەی کە د. قاسملو باسی کردبوو وە لەسەر حسابی مەوزووعەکە بەپاڵەپەستۆ ئەوباسانە جێی خۆیان دەکەنەوەو خەسنی و بەتینی سۆزی تێدا دەکوژن .

شیعرەکانی « ئارەق و تین ـ ل ١٨٥ » وە « فریشتەی پەڕیوە ـ ل ١٩١ » هەروەها « کاروانی خەبات ل ـ ١٩٤ و لەبیرم مەکە ل ـ ١٩٩ » هەموو وەکو راپۆرت و فەرهەنگ‌وان کە لەوەتەی چاپەمەنی داهاتووە ئەو جۆرە باسانە ماڵ ئاوایی‌یان لەشیعر کردووە ، جاران کە چاپەمەنی نەبوو قەیدی نەبوو بۆئەوەی بپارێزرێن و کێشیان هەبێت و بەئاسانی لەبەر بکرێن تەنانەت فەرهەنگ و زمان و رێزمانیش دەکران بە شیعر ، بەڵام ئەی ئێستا کە لەیەکێك لەم زنجیرە باسانەدا تەعریفی شیعرم کردو روونم‌کردەوە کە ئێستا تەنانەت وەکو بروسکەی لێ‌هاتووە مانایێکی زۆرو فراوان لەسۆزێکی خەستی داهێنراودا بەچەند دێڕێکی کورت .. هتد باسەکە تادووبارەی نەکەمەوە .

دوای ئەوانە .. گرنگ ئەوەیە هێمن کوردستانی ئێستا کەمتر دەربەستی ئەو نەخش و خشتانەیە کە جاران زیاتر گوێ رایەڵی‌بوو وە مەسەلەی ئافرەت و لانەوازی و ئاوارەیی و خەمی خۆی دەڵێت ، وە شیعرە نوێ‌یەکانی باشترین نموونەی سەلماندنی ئەو قسەیەن ، وە ئێستا راستتر لە جاران و نەترسانەتر رازونیازەکانی دڵی خۆی وەکو مرۆڤێك دەر دەبڕێت ، تەنانەت جۆرە بێ‌موبالاتی‌یێك و شێوە « عەبەس »ی یێك لە شیعرە نوێ‌کانی‌دا هەیە .

ئەو بێ‌موبالاتی‌یە جاران لە شیعرەکانی‌دا لەتەك عەبەسی و خۆلەبیر بردنەوە دا هەبوون بەڵام وەك ئێستا ئاشکراو دیار نەبوون :

من کە ناگاتە هەفتەیێك تەمەنم
بۆچی بگریم و بۆچی پێ‌نەکەنم ؟!
پێکەنینی گوڵ ـ ل ـ ٨٨

لەسەر ترۆپکی ئەو کێوە
پەنجەلە بلۆێر بەزێوە
باکێوەکە دەنگ داتەوە
شاعیریش خەو بیباتەوە
بلوێری شوان ـ ل ـ ٨٩

شەوانە هاونشینی جامی بادەم
بەبادە با پەژارەو خەم بەبادەم
کەدەستی رۆژگار بای‌دا سەری من
سەری شووشەی شەراب واچاکە بادەم
ل ـ ١٣٠ ـ موو ناپسێنم

ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەیی مەیخانەیە جێم
من کە رۆژێك دەمەویست میللەتەکەم بێ خەم کەم
ل ـ ١٦١ ـ ناسۆری تەشەنا

پیرو زورهانم و ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ
سەرو ماڵم بەفیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم
ل ـ ١٦١ ـ

بێ‌گومان شاعیر دوای ئەوەی سوێی بۆوە لەگەڵ خەم و ئازارو ئاوارەیی و نەگەیشتن بە کامی دڵ لە رێگایێکی دوورو درێژەوە وای بەسەرهاتووە وە پەنا بردنی بۆ مەیی و گوێ‌نەدان بەشت کوت و پڕی نی‌یە ساڵی ١٣٣٦ ل ـ ١٣١ دەڵێت :

نامەوێ جام و ساغەرو پیاڵە
بەشی خۆم بۆ لە لوێچی دەستم کە

واتە بەوەندە رازی بووە کە بۆی بکەنە لوێچی دەستی‌یێوە کە بەسەرگەرمی بیخواتەوەو بڕوا ، بەڵام ساڵی (١٣٤٠) لە ل ـ ١٣٩ ـ بەوە رازی نی‌یەو پەلەش ناکا ئامادەیە لەسەری بووەستێ هەر بەمەرجێ شەرابێکی زۆری بۆبکەنەگڵێنەکەیەوە

بەجامێ بادە تێر نابم ئەگەر مەیلت هەیە ساقی
گڵێنەی خۆم دەنێرمە خزمەتت بۆم تێکە تا بی‌با

تا لەلایێکی‌تر دەڵێت :

هەموو عومری ئەبەد تێ‌دانی‌یە خۆشی دەمێك مەستی
« خدر » ئاوی حەیاتی بۆ چ بوو ، فێری شەرابی با

وە لەدوایین شیعرێکی نوێ‌دا کە هێشتا بڵاوی نەکردۆتەوە ، ئاشکراتر باسی ئەو مەستی و ویستنی لەزەتە دەکا ، رەنگە کاتی بڵاو کردنەوەی وەکو ئەنجامی زۆرباسی ئەم زنجیرەیە لەسەری بدوێم .

خوێنەری ئازیز باسەکان زۆرن و زۆر لق و پۆپیان لێ‌دەبێتەوە چونکە لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی‌دا دوای ساڵی ١٩٥٨ و تائێستا بەمجۆرە کۆمەڵێ شتی واگرنگ لەپڕ نەکەوتۆتە روو ، ئەم باسانە قارچك نین هەڵتۆقی‌بن کۆمەڵی کێشە هەبووەو هەیە لە پەنگ خواردنەوەدا بوون تالێرەدا تەقینەوەو تەقینەوەکەیان شتێکی زۆر ئاساییە .

دەمەوێت ئەم باسە بەجێ نەهێڵم و هەندێ تێبینی تر بدەم :ـ

شیعری « کوردم ئەمن » ل ـ ٤٩ ساڵی ١٩٤٢ ئەو دێڕەی تیای‌دا دەڵێت :

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

قسەیێکی زۆر بێ‌تام و بێ‌ئیحساسی مرۆڤانەیە وە چەند جارێ باسیم کردووە لەگەڵ شاعیر خۆی‌دا وە ووتوییێتی درۆ لەگەڵ ئیحساسی خۆم‌دا ناکەم و نەمکردووە ئەوسەردەمە بۆماوەی ساڵ زیاتر خوێن گەرمی گرتبوومی بەڕاستی وابیرم دەکردەوە ، بێ‌گومان مرۆڤ ناتوانێ بێ‌بەری بێ لەخۆشەویستی ئافرەت و سێکس و بێ‌ئەو هەستانە بژی .. وە هیچ مومکن نی‌یە شاعیر خۆی لەناخەوە باوەڕی بەو ئیدیعایە ببێت و بکرێتە جۆرە باوەڕێك .. شاعیر ووتی واتە شیعرەکەی داناو لەدەستی دەرچوو دوای ئەوە دەیەها شیعری لەسەر چاوو خەت و خاڵ داناوە کەچی ئەمانەی بۆ حسێب ناکرێت و ئەویان بۆکرد بەخوێنی سیاوەحش و هەر لەگەڵ باسی شیعر کرا وەکو پارچە ئایەتێك بەنموونە دەیهێننەوە .. والێرەدا دیسان ئەو جۆرە باوەڕانە رەت‌دەکەمەوەو نەعلەت لە هەزار کێوو تەلان و بەندەن و بەرد کەمرۆڤ .. ئافرەت .. خۆشەویستی تێدا نەبێ .

باوانەکەم .. بەبڕوای من‌شیعر کارەبایێکی مرۆڤانەیە بەگوێرەی یاسایێکی دایلێکتیکی ئاشکراو رەوان لە سالب و مووجەبێك پێکهاتووە سۆزێك‌کە زادەی وەعی بێت + توانای داهێنانی هونەری = بەوکارەبامرۆڤانەیەی شیعری پێ دەڵێن :

شیعر ماددەیێکە بەگوێرەی پێویستی‌یێکانی مرۆڤ هەردەم لەگۆڕران دایە شاعیر بەگوێرەی وەعی‌چینایێتی خۆی و تێگەیشتنی لە مرۆڤ گەردوون و کارەساتەکانی ناوی دەیخاتە کار بۆ خزمەتی ئەو فەلسەفەیەی باوەڕی پێی هەیە .

بەڵام ئایا ئەو تەعریفە ماددی‌یەی کردم بۆ شیعرو شاعیری لای هێمنی شاعیرودۆست و هاو بیرەکانی و لای پارتە بۆرجواکان دەچێت ! وەبۆیان دەست دەدا ؟ بێ‌گومان نەء وە ئاشکرایە بۆ « نەء » .

ئەو باسانە زیاد لەپێویست‌درێژەیان پێ‌دراو ناچاریش‌بووم چونکە هەموو خوێندەواران ئاگادارن لەوەی چۆن ویسترا بەشێوەیێکی ئاوەژوو باوەڕەکانم لە خەڵکی بگەیێنن وە ئەوانیش ناهەقیان نی‌یە بەرگری لە بەرژەوەندی‌خۆیان دەکەن و دژی هەموو کەسێکن کە رووتیان بکاتەوە لەو بەرگە عاتیفی و باق و بریقانەی پیشانی خەڵکی دەدەن .

ئەو قسانەی نووسیمن هەموو کتێبین و هەموو کەس دەیزانێ و بازرگانی پێوە ناکەم و لافیتە بەرز ناکەمەوە بەڵام ناچاریش بووم دیسان بیان نووسم چونکەلە کۆمەڵێك‌دا دەژین تائێستاش زۆر بیرو باوەڕ پێویستی‌بەوەیەلافیتەی بۆ بەرز بکرێتەوە تا خەڵکی لێی حاڵی ببێ چونکەوەعی کەمەو ئێستاش زۆربەی خەڵکی وا چاوەڕوانە بیروباوەڕی بۆ بکەیت بە حەب و بیدەیتێ تا بەئاسانی فێری ببێ‌وژانەسەری بێ وەعی‌یێتی لەکۆڵ بێتەوە .

ئەوەی گرنگ بووبێت لەوپێنج زنجیرە باسەدا ووتم و فەرموون بۆ هەموو کەس هەیەهەڵوێستی خۆی دیاری بکات .. من بەش بەحاڵی خۆم حەز دەکەم‌چی دووترێت بووترێت هەتا هەمووی دژی منیش بێ‌پێم‌خۆشە هەر بەمەرجێ ئەو خەڵکە پەردەی بێ‌دەنگی بدڕن ..

ئیتر بەڕەوڕەوەی‌پێشکەوتنی‌مرۆڤ ـ تان دەسپێرم .

پاشماوەی : هەنگە ..

نێرەکانی لە ٢٢ بیستو دوورۆژدا هەڵدێن .

ـ هەنگ لەو شوێنانەدابەرهەمی باشتر ئەبێ و بەخێو ئەبێ کە گوڵ و گوڵزارو باخی‌زۆر بێت ..

لە کۆتایی چاو پێ‌کەوتنەکەداپێم ووت ژن و منداڵت هەیە ؟ منداڵەکانم هەر بە ووردی‌مردن .. ئێستا هیچ منداڵم نیە هیچم نیە بەڵام دوو ژنم هەیە !! یەکێکیانم تازە هێناوە بە تەمایم منداڵم لێی ببێ بەڵام ئەوی‌ژیانم لێ چۆتەوە ! هیوادارین تەمەنی درێژ بێت و بەدڵێ خۆی بە ئاوات و ئامانجی بگات .

پاشماوەی : لەپەنای حەمەکەوە ..

خۆیەوە ببەستایەتەوە ، ئێمە لە پێش کاك دڵشادەوە دەستی ئۆباڵمان بە ئەستۆمان ئەکێشا کە پێشەکی نووسەکەمان رەخنەگرە .

لەبارەی خاڵی‌دووەمەوە ، ئایا راستە هەر رەخنەگرێك خاوەنی بیرورایەکی سیاسی تایبەت بێ و سەر بەپارتێك بێ رەخنەو لێکۆڵینەوەکەی تەنیا تەرخانە بۆ ئەو بیرو راتایبەتە نەك بۆ هەست و نەستی‌پەنگ‌خواردووی ناخی شاعیرو ئەدیبەکە خۆی ؟ پێچەوانەی ئەمەش هەر رەخنەگرێك خاوەن بیرو رایەکی تایبەت نەبێ و سەر بە پارتێك نەبێ رەخنەو لێکۆڵینەوەکانی راست و دروستن و تەنیا مەبەستی‌هەست و ناخ و بەرهەمی شاعیرو ئەدیبەکەیە ؟. فەرمان دەرکردنی وادەم بڕوگشتی ئەوەندەی من ئەقڵم پێی‌بشکێت رەوانی‌یە ئەگەر ئێمە ئەو قسەیەی کاك دڵشاد بسەلمێنین مانای وایە هەرچی نووسەرو رەخنەگرو شاعیرو لێکۆڵەرەوەو زاناو پسێۆرێکی خاوەن بیرورای تایبەت و سەر بە پارتێك هەیە دروست نی‌یە هیچ رەخنەیەك بگرن ، یان لە هیچ شتێك بکۆڵنەوەو بدوێن ، سەبارەت بەوەی لە گۆشەی تەسکی بیرو رای خۆیانەوە ئەروانن .

وابزانم ، لەگەڵ هەموو رێزێکما بۆ راو بۆچوونی پێچەوانە ، گیرو گرفتەکە ئەوەنی‌یە کە لەبەر ئەوەی خاوەن بیرو رایەکی تایبەت و سەر بە پارتێکن بۆیان نالوێ دەم لە رەخنەو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنەوە بدەن ، بەڵکوو لەوەدایە کە ئەو جۆرە کەسانە ئاخۆ تا چ رادەیەك شارەزای ئەدەب و رەخنەو لێکۆڵینەوەو نرخ پێدانن . بەپێی پێودان و بنچینەکانی زانستی رەخنەو شی‌کردنەوەو بەراورد ئەجووڵێنەوە ...

مەسەلەی رەخنەی ئەدەبیش وەك هەموو رواڵەتێکی ئەدەبی و ژیان ، شتێکی نیسبی‌یە . هەیە سەر بەپارتێکیشەو رەخنەو نووسینەکانی زۆر وردترو بەپێزترن لە نووسینی یەکێکی پێچەوانەی ئەو .. هی واش هەیە پیچەوانەکەی بگری راست دەرئەچێت . رەگی ئەم جۆرە بەراوردو فەرمانانە ئەگەرێتەوە بۆ بەهرەو تواناو شارەزایی و زانستی نەك بۆ بیرورای تایبەت و پارتایەتی .

بەواتای کاك دڵشاد بێ ئەبێ دیوانەکەی هێمن مهابادی کرابێ بەقوربانی بیرو راتایبەتەکانی د. قاسملو . یەکێك ئەم تێ‌بینی‌یەی بەر چاو بکەوێ وا ئەزانێ شاعیرو پێشەکی نووس هاو بیروراو هاو ـ رێ یەکی تایبەتی نین . بەڵێ راستە د. قاسملو وەك رۆشنبیرێکی سیاسی ، بۆ چەند مەبەستیکی رووناك و تایبەت ، تەواو زیاتر ئەو شیعرانەی دەست نیشان کردوە کە ئاگری خەباتی نەتەوایەتی‌یان خۆش کردوەو گیانی ورەو زات و خۆ بەخت کردنیان گرتۆتە خۆی و هانی نەتەوەی زۆرلێکراوی کورد ئەدەن بۆ داماڵینی تەوقی دیلایەتی و ستەم لێ‌کردن لە کوردستانی ئەو دیوا ، ئەوەش راستە کە رەنگە لە هێنانەوەی چەند وێنەیەکی شعیرەکانا ، لە رووی هونەرەوە ، سەرنەکەوتبێ .. بەڵام ئەمەهیچ ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یەی کردبێ بەقۆچی قوربانی بیروراکانی ..

مایەوە ئەوەی کە ئاخۆ راستە بەرهەمی ئەدەبی تاقەرێگایە بۆ شۆڕ بوونەوە بۆ ناخ و دنیای تایبەتی شاعیرو ئەدیب . بەڵێ راستە بەڵام هەمووی نی‌یە ... **ئەگەر رەخنەگرێکی وریا هاو چەرخ و هاوڕێ و شارەزای تەاوی شاعیرێك یان ئەدیبێك بێ و هەزاران تەرمی ئەمڕۆیان لە گۆڕی‌دوێنێ‌دا بەیەکەوەناشتبێ و بە تۆمار بیروەری و بۆنەی شیعرو هەڵس و کەوت و نەبزی دڵی بەرهەمەکان بپێنچەوە ، ئایا رەخنەگرێکی وا ناتوانێ ، ئەگەر کەوتەنووسینەوەی ژان و کسپەو سۆزو خۆزگەو خەوو هیواکان ، بەرهەمێکی پوختی ئەوتۆ بێنێتە کایەوە کە نەك هەر جوان و سەرکەوتووبێ ، بەڵکوو ببێتە سەرچاوەیەکی گەش و پرشنگدار بۆ ئەو نووسەرو رەخنەگروە تینوانەش کەهەرچەن بین ئەنێن بە کانیاوی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکە خۆیەوە تاسەو تینوێتی‌یان ناشکێت .**

کاك دڵشاد هاتوە پێشەکی‌یەکەی د. قاسملوی ، لە رووی بیروباوەڕی تایبەتی‌یەوە ، کردوە بە (١٢) خاڵەوە ، لە یەکێك وایە کە ئەم خاڵانە ئەخوێنێتەوە یەك بەیەکیان رەت ئەکاتەوەو بەرپەرچیان ئەداتەوە . کەچی سەرجەمیان بە خەتێکی راست و چەپی (کۆنن .. زۆریش‌کۆنن) (کوێر) ئەکاتەوە ، بێ . ئەوەی کەم و زۆر لە جیاتی ئەو بیروباوەرە نەتەوایەتی‌یانە هیچ بریتی‌یەك دابنێت ، یان ئاورێك لەو راستی‌یە بداتەوە کە ئەو جۆرە بیروباوەڕە پێشکەوتن خوازە نەتەوایەتی‌یانە ، بۆ نەتەوەی کوردی لە کاروان جێماوی وڵاتی ئێران نوێ و پێویست و پڕ بە پێستی دارو باری ژیان و گوزەرانیانە بۆ خۆشکردنی بزوتنەوەی رزگاری و چاوکردنەوەو وریابوونەوەیان .

وەك دەرئەکەوێ کاك دڵشاد لە داوێنی نووسینەکەیەوە پێی لەسەر دوو تێ‌بینی راگرتوە یەکەمیان (رەشبینی و گەشبینی ئەدیب) ، ئەوی تریان (ئازادی و ژن و ئەدیب) . لەیەکێك وایە ، کە سەرنجەکانی بەشی یەکەم ئەخوێنێتەوە پێشەکی نووس بەتوندی رەخنەی لە شاعیر گرتوە لەسەر رەش بینی و نائومێدی و بێ‌هیوایی‌یەکانی . بەڵام من ، بەش بەحاڵی خۆم ، لە خوێندنەوەی پێشەکی‌یەکەدا شتێکی ئەو تۆم لەم بابەتەوە بەرچاو نەکەوت ، ئەوە نەبێ کە لە رۆژانی کشانەوەو شکستی بزوتنەوەی کوردایەتی‌دا ، جارو بار رۆژگارێکی رەشی ئەو تۆ یەخەی شاعیری گرتوە ، ئەمیش وەك مرۆڤیکی هەست ناسك و دڵ‌بریندارو کۆلیل و دەروون لە خەم‌کەیل و شاعیرێکی لەگەڵ خەڵك و خۆدا راستگۆ تابلۆی ئەو خەم و پەژارەو نا ئومێدی و رەش‌بینی و بێ‌هیوایی‌یای لە بۆتەی شیعردا جۆش داوەو دەربڕیوە ، پێشەکی نووسیش وەك شارەزایەکی ژیانی شاعیرو بەسەرهاتەکان و رەوتەلی‌یەك ، لەو پێشەکی‌یەدا ، جاروبار پەنجەی بۆ ئەو جۆرە شیعرانە درێژکردوە ، نەك بەمەبەستی رەخنەلێ گرتن ، بەڵکو تەنیا بۆ دەرخستنی راستی و بەستنەوەیان بەسەردەمە ناخۆش و دژوارەکانی بزوتنەوەی کوردەوە . ئەگینا ئەو راستی‌یانەی کاك دڵشاد لە بەشی یەکەمدا بۆ شاعیرو ئەدیبی هیناوەتەوە هەموویان تەواوو بەجێن و مایەی لێدوان نین .

ئەوەنەبێ کە هیچ مەرج نی‌یە هەموو جۆرە شاعیرو ئەدیبێکی یێکوشەرو ئاوارەو بەندو ستەم لێکراو ئەبێ لەوجۆرەحاڵەتانەدا رەش‌بین و نائومێدو بێ‌دەستەو سان‌بێ . وابزانم لە مبژوی بەسەرهاتی زۆر ئەدیب و شاعیری بەرزی جیهاندا بەڵگەی پێ سەلماندن ئەوەندە هەیە کە نموونە هێنانەوە بە پێویست نەزانین .

ئازادی و ژن و ئەدیب :

وائەزانم لەم بەشەدا تێکەڵ و پێکەڵی و ئاڵۆزی‌یەك هەیە کە زۆرتر پێویستی بەروون کردنەوە هەیە :

د. قاسملو لەپێشەکی‌یەکەیدا بەیتێکی شاعیری لێك‌داوەتەوە کە « خەبات بۆ رزگاری گەل ، بۆ ئازادی کۆمەڵانی خەڵك لە ژن خۆشەویست‌ترە » ئەم قسەیە قسەی پیاوە سیاسی‌یەکان نی‌یە ، قسەی شاعیرە کە مەبەستی خێزانەکەی خۆیەتی .

هەر کەسێ شارەزای چەند لاپەرەیەکی تۆماری ژیان و بەسەرهاتی ئاوارەیی و دەربەدەری کاك هێمن بێت ئەزانی تەریوی چی‌یەو لەسەر چی ئاوارەیەو بۆچی ژن و تاقانەکەی بەجێ‌هیشتوە . بۆ شاعیر هەیە لە تەوژمێکی بیرەوەری و یادی وروژاوا ، بەنیازی سووربوون و پێداگرتن لە سەر بیرو باوەری خۆی ، رووبکاتە خیزانەکەی و بڵێ :

« راستە تۆم زۆر خۆش ئەوێ بەڵام بمبەخشە کە ئازادی و رزگاری وڵاتم لەتۆ خۆشتر ئەوێ » .

ئەمە شیعرە بەرزەکەی (گۆران) مان ئەخاتەوە یاد کە بەبۆنەی‌شەشی رەشی ئەیلوولەوە هەڵۆ بەگی پێکراو لە دەمەدەمی گیانەڵاودا رووئەکاتە بلبلەکەی باخی سەراو پێی ئەڵێت :

بڵێ بەو بووکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەرنەعشم
نەڵێ : خۆی بۆوەتەن گوشت و لە رێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم
کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من لە دوانی چیاو کەژیا

ئەو راستی خۆشەویستی‌ی خەبات و رزگاری‌یەی‌شاعیر لێی دواوەو لەگەڵ خۆشەویستی‌ی خیزانەکەیا بەراوردی کردوەو پارسەنگی ئەویانی داوە بەسەر ئەمیاندا هەر بەراستی ، ئەگەر تەماشای تابلۆی ژیانەکەی بکەین ، ئەبینین تەواو سەلماندویەتی و ئیشی پێ‌کردوە . ئەگینا پێم وایە شتێکی رەواو گونجاو نەبێ کەس بەپیری ئەو پرسەوە بچێت کە ئایا ئافرەت خۆشەویست ترە یان رزگاری نیشتمان ؟ ئەگەر کاك دڵشاد لە باسی ژن یان ئافرەتدا لە ریگای واتا جنسیەکەیەوە تێ هەڵچوایە دروست تر بوو ، ئەو بەشێوەیەکی سەیر لە مەسەلەکەوە ئاڵاوەو وای بۆ چوە : (مادام ئازادی و رزگاری لەنێرومێ خۆشەویست ترە کەواتە ئازادی و رزگاری لە مرۆڤ خۆشەویست‌ترە ، جا کە ژن و پیاو نەما ئەی گەل و کۆمەڵانی خەڵك چین ؟ دوای مرۆڤ ئازادی و رزگاری کێ ... هتد)

بەلای منەوە مەبەست ئەمەنی‌یە . لێرەدا دوو جۆر خۆشەویستی هەیە ، خۆشەویستی نیشتمان و خۆشەویستی ئافرەت یان پیاو . مەبەستی پێشەکی نووس ئەوەیە کە شاعیر خۆشەویستی نیشتمانی شکاندوتەوە بەسەر خۆشەویستی و سۆزی ژنەکەی دا (بەواتا جنسیەکەی) ئەم راستیەش لە زمان شاعیر خۆیەوە ئەگیرێتەوە کە لە (ئامینری ژن)دا ئەڵێت :

بەڵێ سەختە ، یەکجار سەختە دووری لە ژن ، نا مرادی بەڵام لە ژن خۆشەویست‌تر لەلای من ئەتۆی ئازادی

مەسەلەی ئازادی و رزگاری و لاتیش هیچ ناکۆکی‌یەکی تیانی‌یە کە لەگەڵ بەرژوەندی مرۆڤدانە گونجێ ، بەڵکو بەپیچەوانەیەکی تەواووە ئازادی وڵات بۆ سەربەستی و بەختیاری مرۆڤە زۆرلێکراوو چەوساوەکانە ، بۆ بەرەڵا کردنی مەلە دیلەکانی ناوقەفەزە ئاسنینەکەیە کە پێی ئەڵێین « نیشتمانی‌دیل » . ئەگەر ئازادی و رزگاری وڵات کاك دڵشاد واتەنی (خۆخەڵە تاندن و لەخشتەبردن و وشەی باق و بریق و نەرەی بێ‌ماناو قسەی کتێبی و لافیتە بێ) ، کە بەلای نیشتمان پەروەران و پیشکەوتن‌خوازانەوە تاقە ریگایەکە بۆ بەرژەوەندی‌ی مرۆڤ و گەرانەوەی نرخ و بایەخی تەواو بۆ مرۆڤی دیل و چەوساوەو پلیشاوە ، ئەوا نازانم بەلای کاك دڵشادەوە چ رێگایەکی دۆزراوەو داهێنراو هەیە تاکاروانی خەباتی مرۆڤایەتی بیگرێتە بەرو روەو ئاسۆی رووناکی پاشە رۆژی برشنگدار مل‌بنێ و لە ژێر سێبەری بەئاوات گەیشتن و سەربەخۆیی و سەربەستی‌دا هەنگاوی گەورەی پێشکەوتن و دڵنیایی و دروست کردن و داهێنان بنێت ؟

لەم بارەیەشەوە وەك شتێك نامەوێ باز بەسەر دەربرینێکدا بدەم کە جاروبار بەربای گوێمان ئەکەوێ کە ئەویش (قسەی کتێبی) یەو کاك دڵشادیش لە داوێنی نووسینەکەیەوە بەکاری هێناوە . ئەم دەربرینە پیم‌وایە بۆ هیچ رۆشن‌بێریك نەهاتوە بەکاری بێنێ .. کتێب سەرچاوەی رۆشن‌بیری و زانستی‌یە ، کانگای تاقی‌کردنەوەو بەسەر هات و بیرە ، پاڵاوتەی زانین و شارەزایی و لێ‌هاتن و بەهرەیە ، کتێبێش هەیە یەك پارچە ژەهرو دەرزی سڕکردن و بۆگەنی‌یە .. ئەو (قسەی کتێبی‌یە)ش کەلەو نووسینەدا هاتوە لەوانەی بەشی یەکەمە کە باسی ئازادی و رزگاری ئەکەن و پێویستە هەموو مرۆڤێکی باش هان‌بدرێ بینی پێوەنێ ، نەك لەبەرچاوی بخەین و ببیزرێ ، بەڵکوو کرنووشی رێزی بۆ بەرین باسەکەمان درێژەی هەیە .

پاشماوەی : ئافرەتان

مێژوو ئەم بریارەی نەبریوەتەوە بەڵکو پیویستە ئافرەتی کوردیش لە گەلێك روی پێویستەوە شان بداتە بەرئە ئەرکەنیشتمانیانەی کەبە تێکرای خەڵکی کوردەواری سپێردراوە .

باری ئابوری وکۆمەڵایەتی ناتوانێ دەقاو دەق و پڕ بەپێستی خۆی پێش‌بکەوێ ئەگەر ئافرەتی ئەو کۆمەڵگایە لەخەم‌نەرەخسێ و شان بەشانی پیاو نەیەتەمەیدانی بەرهەم هێنانەوە ..

ئافرەتی کورد (لادێ نشینەکان) خۆی لە خۆیا وەکو کەرەسەیەکی دەنگدار هەمیشە ئامادەی ئیش کردن و بەرهەم هێنانن تەنیا پێویستی‌یان بە سەربەستی پێدانە لە لایەن پیاوان و لابردنی ئەو تەگەرانەی کەریژیمو یاسای عەشیرەتگەری خستویانەتە رێگای پێشکەوتنی ئافرەتەوە .

کەوابو با رۆژگارێك بخولقێنین کە سەربەستی ئابوری تیا لە دایك بێت و هانی براو باوکەکانمان بدەین کە دەست لە چەوساندنەوەو ژێر دەستە کردنی فیکری سەربەستی ئافرەت هەڵگرن .

ـ بۆزانین ـ

مەحکەمەی صلحی سلێمانی

ژمارە : ١٦٢٠ ـ ١٩٧٤

رێکەوتی : ٧ـ١٢ـ١٩٧٤

مدعی محمد حمە امین قادر دەعوای صلحی ژمارە (١٦٢٠ ـ ١٩٧٤)ی لەسەرمدعی علیە مدیری احوالی مدنی سلیمانی سەرەڕای وەزیفەکەی ، تۆمارکردوە دەربارەی گوڕینی ناوی کچەکەی لە (شنۆ)وە بۆ (ئاڵا) جالەبەر ئەمەو بەپێی ناوەرۆکی بەندی بیست‌ویەکی یاسای أحوالی مدنی بڕیارماندا ئەمە لە رۆژنامەی ناوخۆیی‌دابلاوبکەینەوە ، جاهەر کەسی گۆڕینی ئەم ناوە کاری تێ‌ئەکات لەکاتی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگاداری‌یەوە لە رۆژنامەکاندا تاوەکو ماوەی دەرۆژ مراجعەتی مەحکەمەی صلحی سلیمانی‌بکات .

ناظم حویزی
حاکمی مەحکەمەی صلحی سلیمانی

institut kurde de paris